کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم  ژمارەی ١٩٠  نیوەی ئەوەڵی جۆزەردانی ١٣٨٣- ژوئەنی ٢٠٠٤

# مانگرتنی کرێکارانی کورەخانەکان

- مانگرتنی کرێکارانی کورەخانەکانی ورمێ سەرکەوتووانە کۆتایی پێ دێت
- مانگرتنی کرێکارانی کورەخانەکانی وایگان دەست پێدەکات

کرێکارانی کو ردستان کە لە کورەخانەکانی ئۆستانەکانی ئازەربایجانی شەرقی و غەربی کار دەکەن لە هەلمەتیکی مانگرتنی یەکگرتوانەدا حەقدەستی دیاری کراوی رژیم رەت دەکەنەوە و پەیمان شکینی خاوەنکارانی دەغەل کار بەرپەرچ دەدەنەوە

بروانە ل ٢

## بریارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش سەرەتایەك بۆ سازشی زۆرتر

گەلالەیەك کە دەولەتی ئامریکا ناوی لێ ناوە "گواستنەوەی دەسەلات بۆ عیراقیەکان" خەریکە سەر و بەری پێك دێت و لە دوو حەوتوی داهاتوودا دەسەلاتیکی بە روالەت تازە جیگای "مەجلیسی حوکم" و "سی. پی.ئەی" دەگریتەوە. ئەم پروژەیە بە یارمەتی نوینەری تایبەتی سکرتیری گشتی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە عیراق، گەلالە کراوە و وەها داریژرابوو کە بکرێ وەکوو بنەمایەك دەولەتە گەورەکان لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان دا بۆ ریك کەوتن قسەی لەسەر بکەن. هەلبەت دیتمان کە بە کردەوە هەر ئەو دەورەشی بینی.

دەولەتی ئامریکا کە لە رەوتی بەریوە بردنی پروژەکانی لە عیراق دا تووشی گیروگرفتی گەورە هاتووە، لە چەند مانگی رابردودا هەولی داوە کە رادەی دژایەتی کردنی نەیارانی سیاسی خۆی لە هەموو ئاستیك لە عیراق و ناوچەکە و جیهان دا بە دانی ئیمتیازی دیاری کراو، هیور کاتەوە. ئەم سیاسەتە هەموو لایەنیکی گرتوەتە بەر، هەر لە هیزە چەکدارەکانی جیگیر لە فەلوجەوە بگرە هەتا لەشکری مەهدی سەر بە موقتەدا سەدر، هەتا کۆماری ئیسلامی و دەولەتی سوریە_ کە پیشتر تەوەرەی شەیتانی بوون و هەرەشەیان لی دەکرا_، هەتا دەولەتانی ئوروپایی و نەتەوە یەکگرتوەکان، هەمووی ئەوانە چوونە ناو بازنەی ئەو سیاسەتە نوێیەی کە پیویست بوو رەچاو بکریت هەتا کەش و هەوای سیاسی و نیزامی عیراق وا لی بکات کە لەوە زیاتر بەلای بیرورای گشتیەوە زیان بە ئیعتباری کۆماری خوازەکان لە هەلبژاردنی سەرۆك کۆماری ئامریکادا، نەگەیەنێ.

بە رەسمی ناسینی دەوری نەتەوە یەکگرتوەکان، گفتوکۆ کردن لەگەل هیزە چەکدارەکانی جیگیر لە فەلوجە_ تا جیگایەك کە جورج بوش لە وتوویژیك دا لەگەل رۆژنامەی "پاری ماچ" چاپی فەرانسە وتی کە: ئەوانە هەموویان تیروریست نین بەلکو کەس گەلیکن کە بە شیوەیەکی ئاسایی دژ بە داگیرکرانی ولاتەکەیانن_، هەول دان بۆ گەیشتن بە خالیکی ریککەوتن لەگەل هیزەکانی موقتەدا سەدر، کردنەوەی دەرگای سازش و ئیمتیاز دان بەرەورووی دەولەتانی گەورەی نەیاری شەری ئامریکا لە عیراق، گفتوگۆی ژیر بە ژیر لەگەل کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی ریگا بۆ گەلالە بوونی رەوتیکی میانەرەوی ئیسلامی لە عیراق خۆش بکەن، پشت گوێ خستنی داواکاری هیزەکانی سیاسی هاوپەیمانی ئامریکا لە کوردستانی عیراق، هەمووی ئەمانە لە هەمان کاتدا رەنگدانەوەی ناکامی دەولەتی ئامریکا لە بەریوە بردنی پرۆژەکانی بۆ داهاتووی عیراقن.

بەرچاوترین هەنگاوی سیاسی لەم بابەتەوە بریتی بوو لە هەول دان بۆ دۆزینەوەی خالیکی هاوسەنگی نوێ لە نیوان بەرژەوەندیەکانی ئامریکا و دەولەتانی گەورەی جیهان، کە خۆی لە پەسند کردنی بریارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکاندا نیشان دا. ئەو بریارنامەیە ئەگەرچی هەمو کیشەکان بە نیوە و ناتەواوی و چارەسەر نەکراوی دەهیلیتەوە، بەلام لە هەمان کاتدا نیشانەی ئەوەیە کە دەولەتانی ئوروپایی و ئامریکا هەنگاویك لە ریککەوتن لەسەر کیشەی عیراق نزیك بوونەتەوە. ئەم بریارنامەیە هیچ گرێیەك لە کیشەکانی کۆمەلگای عیراق ناکاتەوە بەلام بەشیوەیەك ئامادە کراوە کە بتوانی ببێ بە سەرەتایەك بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی زۆرتر لە ئامریکا و ناچار کردنی لە سازشی گەورەتر. بێگومان دەولەتانی ئوروپایی و روسیە و ئەوانیتر ئامادەن بۆ ئەوەی یارمەتی دەولەتی ئامریکا بدەن کە لەم گیژاوەیە دەرباز بیت، بەلام لە پیناوی ئەو یارمەتی دانەدا ئیمتیازی زۆرتر و تەنانەت مافی یەکسانیان لەگەل ئامریکا لە عیراق دەوێ. ئەم بریارنامەیە لە راستیدا هاوسەنگی نوێی نیوان هیزەکانی نەیاری سەر گۆرەپانی سیاسی عیراق و جیهان لە خۆیدا بەیان دەکات.

لەسەر مەسەلەی کوردستان بریارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش بە رێنوینی ئامریکا و لە پیناوی دابین کردنی رەزامەندی لایەنەکانیتر، وازی لەو خالانە هینا کە لە یاسای پیشووتری پەسند کراوی مەجلیسی حوکم دا بە قازانجی پیکهینانی ناوەندیکی ئیداری فیدرال بۆ بەشیك لە کوردستان و هەروەها مافی بەکار هینانی ویتو لەدژی هەر پەسند کراویك کە بیهەوێ ئەو مافە هەلوەشینیتەوە، ددانی پێدانرابوو.

لە جەرگەی وەها هەل و مەرجیکی ئالۆزدا وردە گلەیی لە سیاسەتی ئامریکا لەمەر کوردستانی عیراق، لەناو کۆر و کۆمەلی جۆراوجۆری لایەنگری پرۆژەکانی ئامریکا لە عیراق دا، دەستی پێکردوە. ئەوەی کە بە چاوی نەك زۆر تیژبینیش لە یەك دوو سالی رابردودا دەبیندرا ئەمرۆکە دیتە سەر زمان و "روناکبیرانی" پاساوکەر و "ماستاوچی"ش وەك ئەوەی کە نە بای هاتبێ و نە باران لە گرتنی هەلویستی "توند و تیژ" و تەنانەت جاری وا هەیە نامەسئولانەش بەرامبەر بە هەل و مەرجی تازە، خۆ ناپاریزن! هەلبەت بە خشکە خۆشیان لە نووسراوە و وتار و وتوویژەکانی دوێنێی خۆیان بێسیحەب دەکەن. بەلام ئەوە گرینگ نیە ئەمانە لە کۆمەلگای ئیمەدا هەمیشە بوون و هەر دەشبن. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە جەماوەری خەلك لە هەڵەکانی دەرس وەربگرێ و ئەزموونەکانی بکات بە پالپشتی بوژانەوە و سەرهەلدانەوەی خەباتیکی رادیکال و پیشکەوتنخوازانەی چارەنووس سازی دوارۆژ لە کوردستان.

## رێکخراوی کرێکاری، سەربەخۆ لە کێ؟

### دەرسێك لە رابردوو

لە هەر ولاتیك دا پیکهاتنی ریکخراوە کریکاری‌یەکان تایبەتمەندی خۆی بووە. لە ژمارەیەك لە ولاتەکان بزووتنەوەی کریکاری پیش بزووتنەوەی سوسیالیستی و کۆمۆنیستی پیك هاتووە. لە بریك لە ولاتانی‌تر ئەم دو بزوتنەوەیە پێ بەپێی یەك سەریان هەلداوە و لە هەندیك ولاتی‌تر کە ئیران یەکیك لەوانە بزوتنەوەی سوسیالیستی و کۆمۆنیستی لەپیش بزووتنەوەی کریکاری‌دا هاتوەتە ئاراوە. بە واتایەکی‌تر ریکخراوە کریکارییەکان لەلایەن هیزە چەپ و کۆمۆنیستەکانەوە دامەزراون. یەکەمین ریکخراوە کریکارییەکان لە ئیران لەلایەن هیزە چەپ و کۆمۆنیستەکان و بە ریبەرایەتی ئەوان پیکهاتن. سەرەتا ئەوە حیزبی کۆمۆنیستی ئیران بوو کە ریکخراوە کریکارییەکانی پیك هینا. بەلام دوای چەند سال ئەم ریکخراوانە لەلایەن رژیمی حاکمەوە سەرکوت کران. دوای تیپەر بوونی چەند سال بەسەر سەرکوتی ئەم ریکخراوانە، ئەمجارەیان ریکخراوە کریکارییەکان لەژیر کاریگەری حیزبی تودە و بەدەستی ئەو پیك هاتن. ئەم ریکخراوانە هەمیشە و دایم بەوە مەحکوم کراون کە سەر بە هیزە کۆمۆنیستەکانن هەر بۆیە زۆرجاران لەلایەن رژیمە حاکمەکانەوە سەرکوت کراون. رژیمی پەهلەوی پیشرەوی پیکهینانی ریکخراوەی کریکاری نەبوو. لە زەمانی رەزا شا هەتا دەولەت چاوی کردەوە ریکخراوە سەربەخۆ کریکارییەکان لەلایەن حیزب و هیزە کۆمۆنیست

بروانە ل ٢



## رێبەرانی کۆماری ئیسلامی تاوانباری دژ بە مرۆڤایەتی

رێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەبێ لە لیستی جینایەتکارانی دژ بە مرۆڤایەتی‌دا بگونجێن

گوزارشی سالانەی ریکخراوی لیبوردنی نیونەتەوەی بۆ جاریکی‌تریش ناوەرۆکی دژی ئینسانی کۆماری ئیسلامی خستە روو.

هەلبەت بۆ رووناکبیران، تیکوشەرانی سیاسی، کریکاران و زەحمەتکیشانی خەباتکار کە هەر رۆژە تامی تالی سەرکوت گەری رژیمی ئیسلامی تەجرەبە دەکەن ئەمە زانیاریەکی تازە نیە، بەلام بۆ ئینسانە ئازادیخوازەکانی جیهان کە روداوەکانی ولاتانی وەك ئیران دەخەنە ژیر چاوەدیرییەوە، گوزارشی سازمانی لیبوردنی نیونەتەوەیی دەتوانی بەشیك لە روخساری نگریس و دژی ئینسانی رژیمی ئیسلامی ئاشکرا بکات، ئەگەرچی کە ئەم گوزارشانە مشتیکن لە خەروار.

لە گوزارشی ریکخراوی لیبوردنی نیونەتەوەیی‌دا هاتووە کە، لە ماوەی سالی ٢٠٠٣دا لە ئیران لانی‌کەم ٤ زیندانی سەنگسار، ١٩٧ کەس بە شەللاق و ١١ کەس بە بریني ئەندامانی لەش مەحکوم کراون.

هەر بەپیی ئەم گوزارشە، لە سالی رابردوودا زیاتر لە ١٠٠ کەس لەلایەن بەرپرسانی رژیمی ئیسلامی‌یەوە ئیعدام کراون کە ژمارەیەك لە ئەوان زیندانی سیاسی و خاوەنی حوکمی حەبسی دریژماوە بوون.

هەروەها سازمانی لیبوردنی نیونەتەوەیی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە بازداشتی بێبەلگە، بەریوەبردنی دادگای غەیرە عادلانە و بێئینسافانە و زیندانی کەسەکان تەنیا بەهۆی بیروبۆچوون و عەقیدەی سیاسی ئەوان، تاوانبار کرد.

هەروەها ئەو ریکخراوەیە ئامارەی بەو خالە کرد کە، قووەی قەزائیەی کۆماری ئیسلامی کە تەنیا ئەرکی

بروانە ل ٧



## کرێکارانی نانەواخانەکانی شاری سنە مان دەگرن

### مانگرتني سەراسەری کرێکارانی نانەواخانەکانی شاری سنە

رۆژی دووشەممە ٢٥ی جۆزەردان کریکارانی تەواوی نانەواخانەکانی شاری سنە کە پیشتر ریك کەوتبوون لە سەعات ٦ تا ٩ی بەیانی دەستیان دایە مانگرتنیکی سەراسەری. ئەم مانگرتنە بەهۆی لە خوارەوە بوونی حەقدەستی کریکاران، خراپ بوونی جۆری ئارد، گۆرینی سەعاتی کار لە شیفتیکەوە بۆ سێ شیفت و هەروەها گران بوونی نرخی نان بووە. جیگای ئامارەیە هۆکاری گران بوونی نان ئەوەیە کە خاوەنکاران خۆیان حەقدەستی کریکاران دیاری دەکەن و بۆ ئەوەی تووشی زەرەر و زیان نەبن و قازانجیکی زۆرتر وەدەس بینن بونەتە هۆی گران بوونی نرخی نان و هاتنە خوارەوەی حەقدەستی کریکاران.

کریکارانی مانگرتوو هەرەشەیان لە ئوستانداری کردووە کە ئەگەر خواستەکانیان جێبەجێ نەکریت لە رۆژی ٣٠ جۆزەردانەوە بۆ وەدی هاتنی داخوازیەکانیان بۆ ماوەیەکی نادیار دەست دەدەنە مانگرتنی سەراسەری.

جیگای ئامارەیە، سەعات کاری نانەواخانەکان لە ئەوەڵی ئەمسالەوە بەهۆی مانگرتنی کریکاران کرا بە یەك شیفت بەلام وا دیارە ئوستانداری و شورای ئارد و نان ئەیانهەوێت بۆ جاریکی‌تر سەعات کاری نانەواخانەکان بکەن بە ٣ شیفت.

## کەرامەتی ئینسانی ژن لە ئازاد ژیان دایە

بروانە ل ٢

## وتووێژێك لەگەڵ ژنێکی ستەم لێکراو کە دەستی داوەتە خۆسوتاندن

دیاردەی خۆکوژی و خۆسوتاندن سەرچاوەکەی دەگەریتەوە بۆ فەرهەنگی کۆن و دواکەوتووی پیاوەمەزن و یاسا و ریسای دینی و ئیسلامی زاڵ بە سەر کۆمەڵگادا. رژیمی ئیسلامی لە گەل هاتنە سەر کاری دەستی داوەتە بەریوە بردنی یاسای دینی و دژ بە ژن و پشتگیری لە بیر و بوچوونی دواکەوتوو.

بروانە ل ٣

### پاشماوەی لاپەرەی مانگرتنی کریکارانی کورەخانەکان

لە کورەخانەکانی "وایگان" نزیك شاری تەوریز هەوالمان پی گەیشتووە کە کریکارانی ئەم کورەخانانە، دوای ئەوەی وادە و بەلینەکانی خاوەنکاران لەسەر رادەی نرخی خشت برین بە درو دەرچوە، لە رۆژی جومعە ٢٢ی جۆزەردانەوە دەستیان داوەتە مانگرتن.

داوای دەست بەجیی کریکاران ئەوەیە کە بۆ برینی هەر ١٠٠٠ خشت ٤٠٠٠ تمەنیان پێ بدرێ. کریکاران بریاریان داوە کە هەتا گەیشتن بە داخوازیەکەیان، یەکگرتوانە دریژە بە مانگرتن بدەن. شایانی باسە کە نرخی رەسمی دیاری کراو لەلایەن دەولەتەوە بۆ هەر ١٠٠٠ خشت، ٢٦٠٠ تمەن دیاری کراوە و سەرجەمی کریکارانی کورەخانەکان بەم نرخە رازی نین و لە زۆربەی کورەخانەکان بە ئیعتراز و دەربرینی نارەزایەتی توانیویانە نرخی ٤٠٠٠ تمەن بۆ ١٠٠٠ خشت بە سەر خاوەنکارەکان دا بسەپینن. کریکارانی کورەخانەکانی وایگان کە نایانهەوی لە کریکارانی هاوپەیمان و هاوچارەنوسیان لە باقی کورەخانەکان دوا بکەون، لە رۆژی جومعەوە دەستیان داوەتە مانگرتن.

خەباتی کریکارانی کورەپەزخانە بۆ وەدی هاتنی داخوازیەکانیان دەبیتە هۆی پاشەکشەی خاوەنکاران و مشتیکی مەحکەمە لە دەمی ئەو نوینەرانەی دەولەت کە نرخی زالمانەی ٢٦٠٠ تمەن بۆ ١٠٠٠ خشتیان دیاری کردووە. بێشك ئەم خەباتە لە پشتیوانی کریکاران و هەموو ئینسانە شورشگیر و کۆمۆنیستەکان و هەموو ئەو کەسانە کە دلیان بۆ ئازادی و یەکسانی لێ دەدات بەهرەمەندە.

## کریکارانی کورەخانەکانی ورمی مان دەگرن و سەرکەوتن بە دەست دینن

لە ٣ حەوتوی رابوردو دا مان گرتنیکی بەر بلاو و سەرکەوتوانە لە کورە خانەکانی مەنتەقەی ورمی لە جەرەیان دابوە. روژی ٥ی جوزەردان مانگرتنیکی بەر بلاو لە کورەخانەکانی خەتی "ئەنمەر"هەل کەوتو لە ٣ کیلومیتری ورمی و سەرەتا لە کورەی ئاجور پەزی "زەرین خاك" ناسراو بە کورەی سەیدی دەستی پی کرد. بە پیی پەسەند کراوەی ئیدارەی کارو باری کومەلایەتی نرخی دیاری کراو لە سالی ١٣٨٣ دا لە بری هەر هەزار خشت ٣٧٤٧ تمەن بووە کە خاوەن کار نرخی دیاری کراوی ٣٤٠٠ تمەن بە کریکران راگەیاندووە. بەلام کارفەرما خو لە دانی قیمەتی رەسمی بە کریکارانی قالب دار دەبویری، هەر بویە کریکاران لە کورەی سەیدی کو دەبنەوە و هوشدار بە خاوەن کار دەدەن کە ئەگەر نرخی رەسمی یان بو هەر هەزار خشت پی نەدەن دەست دەدەنە مانگرتن ، کارفەرما تەوەجو بە قسەی کریکاران ناکات، هەر بویە بەیانی روژی ٦ جوزەردان مانگرتن بە شیوەیەکی سەر تا سەری لە ٢٢ کورە خانە دەستی پی کرد. کارفەرما کاتیك هەوالی ئەم مانگرتنەی بیست و زانی کە لاوانی ئەم کورەیە دەوری بەرچاویان هەبووە لە وەری خستنی ئەم مانگرتنە، شکایەت لەو لاوانە دەکات و لە ئاکامدا ٦ لاوی کورەی سەیدی کو "میر تەقی" واتە کارفەرمای کورەی "ئاجور پەزی" "زەرین خاك " پیان شاکی بووە دەسگیر کران و رەوانەی دادگا کران کە لە دادگا تاوانی کومەلە بونیان خستونەتە ئەستو. بەلام بە هوی نەبونی بەلگەو مەدرەك و پشتیوانی بەر بلاوی خەلك و کریکارانی کورەخانەکان و ئیمزا کردنی توماریك نارەزایەتی خویان لە گرتنی ئەم ٦ لاوە دەر بری. رژیم بە هوی زەختی کریکارانەوە هەر هەمان روژ ئەو لاوانەی ئازاد کرد.



مەنتەقەی ورمی نزیکەی ١٠٦ کورەخانەی لی یە.

بەربلاو بونەوەی هەوالی مانگرتنی کورەخانەکانی خەتی "ئەنهەر" کریکارانی کورەخانەکانی جادەی قوت لو، قەرە ئاغاج، خەتی دیدان، خەتی باران دوز، خەتی شنو هەرکام لە کورەکەی خویان ٢ نوینەریان هەل بژارد و دەستیان دایە مانگرتن.

روژی ١٦ ی جوزەردان یەکەمین کورە کە مانگرتنی لی وەری خرا کورەی تەوحید بو. نیوەروی هەمان روژ تەواوی کورەکانی ئەو خەتانەی ناومان بردن دەستیان دایە مانگرتن. لەم ماوەیە دا خاوەن کاران بو شکستی مانگرتن چەند ین جار نوینەری کریکارانیان بانگهیشت دەکردو پیشنیاری رشوەیان پێدەدان، یان شایەعەی ئەوەیان بلاو دەکردەوە کە کریکارانی فلانە کورە بەو قیمەتەی کە کار فەرما دیاری کردووە رازی بون و چونەتەوە سەرکارەکانیان، بەلام بە هوی ئاگادار بونی نوینەرانی کریکاران لە فیل و تەلەکەی ئەربابەکان پیلانەکانیان دەبونە پلقی سەر ئاو.

روژی ١٨ جو زەردان نزیکەی ١٥٠٠ کەس لە کریکارانی کورەخانەکان لە پارکی "ساعد" لە تەنیشت ئیدارەی کاری ورمی کوبونەوەیەکیان وەری خست و بو گەیشتن بە خواستەکانیان دەستیان دایە نارەزایەتی دەربرین.

هیزەکانی ئینتیزامی دەوری "پارکی ساعد"یان گەمارو دابو. لەم روژەدا کریکاران خوازیاری دیداری حوزوری لە گەل "نور بەخش" رەئیسی ئیدارەی کاری ورمی بوون، کە نور بەخش نەی ویرا بیتە نیو کریکاران و بە دزیەوە بە گورینی ماشینەکەی لە ئیدارەی کار چووە دەری.

روژی سی شەممە ریکەوتی ١٩ ی جوزەردان بو جاری دوهەم هەر هەمان ١٥٠٠ کریکار لە پارکی ساعد کوبونەوە.

لەم کوبونەوەیە دا کریکاران بو برینی هەر هەزار خشت داوای ٤٥٠٠ تمەنیان کرد کە لە ئاکام دا لە سەر ٣٩٠٠ تمەن لە گەل بەر پرسان سازان کە بە نیسبەت قیمەتی پیشوی کارفەما ٥٠٠ تمەن زیادی کردبوو هەر وەها بە نیسبەت قیمەتی دیاری کراوی ئیدارەی کار ١٥٢ تمەن زیادی کرد بو .

شیاوی باسە کە ئەم مانگرتنەی کریکارانی کورەخانەکانی مەنتەقەی ورمی لە ماوەی ٢٢ سالی رابوردوو لەو مەنتەقەیە بی وینە بووە .

خواستی کریکاران لە مانگرتنە ١٥ روژەیە دا بریتی بون لە :

چونەسەری ئاستی حەق دەست، دابین کردنی ئیمکاناتی بیهداشتی و سرویسی بیهداشتی تەواو و دوکتور و دەرمان، پیك نەهینانی موزاحمەت لە لایەن کارفەرما بو کریکارانی لە حالی کار و ئیستراحەت دا، بیمە کردنی هەمو کریکارەکان کە نەمەنیان لە ١٦ سال زیاتر بی، دانی خەسارەت بە هوی باران لە ئەستوی کارفەرمایە، دەرکردنی کریکاران دەبی بە پیی مەدرەك و بە تەوافوقی نوینەرانی کریکاران بی، حەقدەستی ئاخری کاری کریکاران دەبی بە شیوەیەکی نەقدی بی، قالبی خشت برین دەبی ئیستاندارد بی.

---

و چەپەکان دامەزرابوون.

هەر بۆیە بۆ یەکەم جار ئەوە دەولەت بوو کە خوازیاری جیایی ریکخراوەکان لە هیزە چەپەکان بوو. بە واتایەکی‌تر بۆ یەکەم جار ئەوە دەولەت بوو کە دروشمی "ریکخراوەی کریکاری سەربەخۆی" بەرز کردەوە. وە لەو سەردەمەدا بە بیانووی هاودەستی ریکخراوەکان لەگەل حیزبە چەپەکان هیرشیان کردە سەر ریکخراوە کریکارییەکان و هەلیان وەشاندەوە. دوا بەدوای ئەوەدا بوو کە رژیمی شا خۆی دەستی دایە پیکهینانی چەندین ریکخراوەی کریکاری کە تەنانەت ئەو ریکخراوانە لە چوارچیوەی دیاری‌کراوی رژیم دا دەیانتوانی لە سیاسەتیش دا، دەور ببینن و لە هەلبژاردنەکانی مەجلسی کارتونی‌دا بە لایەنگری لەم یان لەو نوینەر تەبلیغات بکەن. مەنع کردن لە سیاسەت تەنیا تایبەت بە ئەو ریکخراوە کریکاریانە بوون کە هیزە چەپەکان تێی‌دا خاوەن نفوز بوون.

ریکخراوە بەناو سەربەخۆکانی ئەوکات داردەستی هیزە راستەکانی کۆمەلگا بوون بۆ سەرکوتی هیزە چەپ و کۆمۆنیستەکان. ئەم ریکخراوانە تەنیا ئەوکاتانە خوشەویستی دەولەت بوون کە ریکخراوە کریکارییە چەپ و کۆمۆنیستەکان هەبوون. بەلام دەولەت دوای ئەوەی کە توانی هیزە چەپەکان و ریکخراوەکانی سەر بەو هیزە سەرکوت بکات ئیتر پیویستی بەم ریکخراوانەش نەما. ئەمجارەیان ئیتر سەرمایەداری پیویستی بەوە هەبوو کە ریکخراوەی کریکاری سەربە دەولەت دابمەزرین. هەم ریکخراوە کریکاری‌یەکانی زەمانی شا و هەم شورا ئیسلامیەکان لەم جۆرەن. ئوپوزیسیونی لیبرالی ئیرانیش تا ئەو کاتەی کە ریکخراوە کریکاری‌یەکان لەژیر کاریگەری هیزە کۆمۆنیستەکان دا پیك دەهاتن، هەمیشە داواکاری ئەوە بوون کە ریکخراوەی سەربەخۆی کریکاری دابمەزریت. بەلام ئیستا کە ریکخراوە کریکاری‌یە چەپ و کۆمۆنیستەکان نەماون، ئەوانیش خۆیان لە تەرحی پیکهینانی ریکخراوەی سەربەخۆی کریکاری کیشاوەتەوە.

### ریکخراوەی کریکاری لە روانگەی ئیمەوە

بە بروای ئیمە ریکخراوەی کریکاری دەبی سەربەخۆ بیت و دەبی جیا لە دەولەت بێ. لە یاسای بنەرەتی ولات دا دەبی ماف ریکخراو بوونی کریکاران بە رەسمی بناسریت و کریکاران لە چونیەتی پیکهینانی ریکخراوەکانی خۆیان سەربەست بن. کە وایە، چونکە یاسای شورا ئیسلامیەکان لەلایەن مەجلیسەوە پەسەند کراوە دەبی رەد کریتەوە. چونکە لیرەدا ئەوە مەجلیسە کە دیاری دەکات کە نوینەرانی کریکاران دەبی چ تایبەتمەندی‌یەکیان هەبیت.

ساغ بوونەوە لەسەر پیکهینانی ریکخراوە کریکاری‌یەکان و مەسایلی پەیوەندی‌دار بەوەوە، شتیکە کە دەبی لە چوارچیوەی ئیختیاراتی مەجلیس و دەولەت بێتە دەری و بسپیردرێ بە کریکاران. پەیوەندی ریکخراوە کریکاری‌یەکان لەگەل حیزبەکان هیچ پەیوەندی‌یەکی بە دەولەتەوە نیە و کریکاران دەبی لەم بارەیەشەوە سەربەست بن. بە بروای ئیمە ئەوەی کە ریکخراوەیەك لەگەل حیزبیك یا چەند حیزبی سیاسی پەیوەندی سیاسی هەبیت هیچ گرفتیکی نیە و دەبی بە رەسمی بناسرێ.

دەبی بزووتنەوەی کریکاری ئیران هەلی ئەوەی پێ بدرێ کە لە لە کەش و هەوایەکی ئازادی سیاسی‌دا ریکخراوی جەماوەری خۆی پیك بینی. وە ئەوە ریکخراوەکانن کە دیاری ئەکەن کە لە لای کامە بالی سیاسی و کامە حیزبەوە راوەستن. ئاشکرایە قازانجی بزووتنەوەی کریکاری لە راوەستان لە لای بالی چەپ و کۆمۆنیستی کۆمەلگا دایە.

## پاشماوەی من یەك ژنم کەرامەتی ئینسانی ...

من یەك ژنم، ئەوەم تەنیا بۆ ئەوە نەکوت کە جنسیەتی خۆم راگەیەنم، بەلکو ئەمە سەرەتایەکە بۆ هینانە گۆری مەسەلەیەك بەنیوی "کەرامەتی ئینسانی ژن". ئەزانم رەنگە ناوچاوان تیك بنێی و بلیی کە "کەرامەتی ئینسانی ژن" چیە؟

کەرامەتی ئینسانی، کەرامەتی ئینسانیە و پیاو و ژنی بۆ نیە. لە هەلەدای ئەوە تەنیا بۆ کاتیکە کە ژنیش بە ئینسان بزانین، بەلام کاتیك کە ئەومان بە ئینسان نەزانی و تەنیا بەخیرا خۆمان و لەریی گەورەیی و کەرەمی خۆمان برە کەرامەتیکی ئینسانیمان پێبەخشین ئەو کاتە چی؟ لیرە دایە کە قسە کردن سەبارەت بە "کەرامەتی ئینسانی" ژن دیتە گۆرێ.

کەرامەتی ئینسانی ژن بلوریکی زۆر ناسکە، کە ئەگەرچی لە کورەی پرتینی بیریکی مرۆڤ سازدا شکلی گرتووە، بەلام ئەوەندە ناسکە کە دەکری بە نیگایەکیش بیشکینین. چەند نیگەهبانی لەخۆ بوردو و بەغیرەتی هەیە کە هەلبەت پیاون، چونکە بە خوشحالیەوە ژنان نابی نیگەرانی کەرامەتی ئینسانی خۆیان بن، وە چونکە تەواوی منداله نیرینەکانی عالەم، هەر لە شیرە خۆرەوە بگرە هەتا پیاوی نەوەدونۆ سال تەمەن چاوسوور دەکەنەوە و بە شمشیری رووت پاریزگاری‌یان لێ دەکەن، هەتا نەوەکوو تۆزیان لی بنیشی و یان دەستیکی شەیتانی بەردیك بەرەو لایان فرێ بدات.

ریگاکانی پاریزگاری کردن لە کەرامەتی ئینسانی ژنانیش یەك و دوو نیە بەلکوو بە رادەی تەواوی کەللە و میشکە نیرینەکان ریگەی هەیە. خودا عومریان دریژ بکات کە ئیمەیان لە زۆریەك لە کارە سەختەکان!!! کە رەنگە کەرامەتی ئینسانیمان بروشینن مەعاف کردووە. هەر کاریك کە بەدەست بکریت کاری ئیمەی ژنە و هەر کاریکیش کە میشکی گەرەك بیت هی ئەوانە. حەزت کرد بەو ئیش دابەش کردنە؟

ئیش دابەش کردن لەوە عادلانەترت دیبوو؟ وەها دابەش کردنی ئیش ریگەی ئەوەمان پێدەدات کە بە خەیالیکی ئاسوودەوە قۆلمان هەلمالین و بە حەزی خۆمان هەرچی پیمان خۆش بوو بشورین و بریقە بخەینە شتەکانەوە، چیشت لێ نێین و پەرەستاریتان لی بکەین و غەم خۆر بین و سەرەرای ئەوانەش خاترجەم بین کە کەس چاوەروانی بیر کردنەوە و قەزاوەت کردن و تەسمیم گیریمان لی ناکات. چونکە ئەم کارانە ماندوومان دەکات و رەنگە کەرامەتی ئینسانیمان نوقسان بکات.

هەر لەگەل ئەوەی کە لە دایك بووین و مەعلوم بوو کە یەکیکین لە دانیشتوانی هەسارەی کەرامەتی ئینسانی ژن، وشەکانی، زاو و زێ و منداڵ داری و پەرەستاری کردن و سەرپەرەشتی و شتی‌تری لەم چەشنەمان بۆ ریز دەکری و ئیختیارمان دەخریتە دەست نیرەکانی لیهاتووی بنەمالەی باوکسالار، واتە ئەم پاریزەرە بەغیرەتانەی کەرامەتی ئینسانی ژن. جاری وایە کە ئەوان لە ٩ سالەیی تەمەنمان دا لەسەر ئەوە ساغ دەبنەوە کە ئیمە دەتوانین بنەمالەیەك بەریوە بەرین، جا ئەوکاتە بە سەلەوات لیدان مل بەندەکەمان دەخەنە دەستی زل هیزیکی‌تر کە تەنانەت بۆ چوونە دەر لە مالیش دەبی ئیجازەی لی وەربگرین. جاروباریش تەمەنمان دەگاتە ٣٠ سال و کەسیك دەبینینەوە کە پیمان وایە شیاوی پەیوەندی گرتنە، لەم کاتەش دا دەبی وەك منداڵیکی وردیلانە لە بەردەم خاوەنەکانمان چۆك دادەین و داوای ئیجازەیان لی بکەین. ئاخریەکەی نەمانزانی کە ئیمە بالغ و عاقلین، یان سەغیر و کەم هۆش.

لەو جیهانە رەنگاورەنگەدا بەشی ئیمە تەنیا رەنگی رەشە و پاریزەرانی ئیمە لە رەنگی سپی دەترسن، چون بیستویانە کە هەموو رەنگەکان لە سپی لە دایك دەبن. ئیمەیان پێ مروارییە بەلام تەنیا لەنیو سەدەف دا دەیانهەویین. بێخەبەرن لەوەی کە مرواری کاتیك مرواریيە کە سەدەفەکەی خۆی تورڕ هەلدا، ئەگینا لەناو سەدەفەکەی‌دا جیا لە بەردیکی بێبایەخ هیچی‌تر نیە.

دەلین کە کەرامەتی ئینسانی ئیمە بە دیتن و بە بیستن و هەست پیکران دەروشیت. ئەلین کە تەواوی ئەوانە بە خاتری خۆمانە. بەدبین مەبە مەگەر هەر ئەوانە نەبوون کە ئیمەیان لە زیندەبەچاڵ کردن رزگار کرد؟ پێدەکەنی؟ مەگەر نابینی کە بۆ ئەوەی ببین بە مەزرایان و تۆمان لی بچینن و بماندرونەوە و شێری نیریان بۆ بە دنیا بینین، بۆ دەسخۆشانە ئاسکی نەگیراوی نیو دەستمان پیشکەش دەکەن و مفت و مەرحەبا بەهەشت ئەخەنە ژیر پیمان؟

دەتهەوێ بلیی فایدەی چیە کە ٩ مانگ منداڵیك بە لەشمان پەروەردە بکەین و بیهینینە دنیا لە حالیك دا کە ئیمە هیچ دەسەلاتیکمان بەسەر ئەو منداڵەدا نیە و چارەنووسەکەی بە دەستی کەسانیکی‌تر دیاری دەکریت؟ لەبیرت بیت کە مرۆڤەکان لە داوینی من و تۆدا پەروەردە دەکەن و دەیاننیرن بۆ میعراج.

ئیستا موعادلەکە چەند نهینی تیدایە. چۆن بوونەوەریك کە تەنانەت هیچ دەسەلاتیکی بەسەر خۆشیدا نیە دەتوانی ببیتە هۆکاری میعراجی ئینسانەکان؟

ئەوەتا ئەوە پاریزەرانی ناموسی ئینسان شەو و رۆژیان لە خۆیان حەرام کردووە و خەریکی پاریزگاری لە کەرامەتی ئینسانی ئیمەن. ئەپرسی بۆچی هەر چەندەش بمانهەوێ هەول بدەین کە بخوینینەوە و بنوسین و لیکۆلینەوە بکەین و ببین بە خاوەنی زانست، دیسان قسەی ئیمە بەقەد نیوەی هاوشیوە نیرەکەمان بر دەکات؟ وە بۆچی خوین بەهای ئیمە دەبی لە خوین بەهای قاتلەکەمان کەمتر بیت و بۆچی دەبی بەشە مالیك کە لە باوکمانەوە پیمان دەگات نیوەی ئەو بەشە مالە بیت کە پیاوەکان وەری دەگرن؟ ئایا ئیمە نیوە ئینسانیکین؟ نا ئەرخەیان بە کە وا نیە. چونکە کاتیك کە لەگەل یەکیك پەیمان دەبەستین، ئەو هەر بەپیی قانون دەتوانی ٤ بە یەکیش ئیمە شکست بدات، ئیستا دیتت کە تەنانەت نیوەی ئەوانیش نین.

ئەپرسی مەگەر هەست و عاتیفە ئەوپەری ئینسان بوون نیە؟ ئەی بۆچی ئیمەیان لەبەر بوونی ئەم تایبەتمەندی‌یانە لە قەزاوەت کردن دور کردوەتەوە؟ وا دیارە مانای قەزاوەت کردن نازانی. کەمیك سەیری دەور و بەرت بکە ئەوکاتە ئەزانی بۆچی؟ دەبینم کەم کەم دەگەی بە بنەمای مەسەلەی کەرامەتی ئینسانی ژن. ئەگەر هاوتای نیرینەی ئیمە پیبکەنی، شادبی و لە ئازادی و ئیختیار، لەززەت بەری، ئەوە خودی ئینسانی بوونە. بەلام ئەگەر ئیمە ئەوکارانە بکەین بلوری کەرامەتی ئینسانیمان دەشکی. ئەگەر هاوتای نیری ئیمە هیز و توانایی و لیهاتووییەکانی خۆی نیشان بدات، ئافەرینی پێ دەوترێ و ریزی لی دەگیری، بەلام ئەگەر ئیمە وا بکەین ئەوە خۆ نواندنە و رەنگە داوینی کەرامەتی ئینسانیمان پیس بکات، وەها پیس کە بە ئاوی کەوسەریش پاك نابیتەوە.

پێشڕەو

ئەسلەن بێلە با راستیەکەیت پی بلیم. کەرامەتی ئینسانی بۆ پیاوان ئازادی و سەربەستی، وە بۆ ژن یانی بەرتەسك بوون و گوشەگیری. ئیمە لەو قەفەزەدا کە بۆیان دروست کردوین بەستراوینەتەوە. تەنیا ئیمە دەبی ئاسایش و ئارامی پیاوان دابین بکەین هەتا ئەوان بە خەیالیکی راحەتەوە بە پەیژەی ژیاندا سەرکەون و لەگەل ئەوەش دا کە گەیشتنە لووتکەی کیوەکە، بە سوکایەتیەوە دەست نیشانمان دەکەن و بێدەسەلاتی خۆمانمان پێ نیشان دەدەن. دلی ئیمە بەو وتەیە خۆش دەکەن کە "لەپشت سەری هەر پیاویکی سەرکەوتوو ژنیك راوەستاوە". ئەم چیرۆکە چیرۆکی سەرشکاندن و گوێز لە کۆش هاویشتنە.

بۆچی ناشوکری دەکەی کە شانازی ئەوەت بێ کە سیبەری پیاوبی، بەهەر دو دەست ئەو شانازیە بپاریزە کە کەرامەتی ئینسانی ژنانەت حوکمت پێ دەدا. مەگەر نەتبیستوە کە دەلین جیهاد بۆ ژن خزمەت کردن بە میردەکەیەتی؟

نا ئیتر نامهەوێ، ئەمجارەیان هاوار دەکەم تا هەموو پاریزەرانی کەرامەتی ئینسانی ژن گوییان لی بێ: ئەم کەرامەتی ئینسانیە پیشکەش بە خۆیان بیت. کەرامەت لە ئازاد ژیان دایە وە جیا لەمە هەرچیەك بلین فریودانە و کایە کردن بە وشەکانە. ئەگەر دەتانهەوێ دیسان دانیشن و یاسا و بەند و تەبسەرە بۆ ژنان دابنین، هەمووی ئەوانە بەجیی ئەوەی کە مەسەلەکە چارەسەر کەن، تەنیا روالەتی کیشەکە پاك دەکەنەوە. ئیتر ئەم قەلا پیشکەشیەی کەرامەتی ئینسانی کە بە ژنانتان بەخشیوە درزی هەلگرتوە و ماوەیەکی دور و دریژە کە ئیمەی ژن هەرچەند بەلاوازی بەلام بەرەولای ئازادی و سەربەستی هەنگاومان ناوە. ئەمجارەیان ئیتر نە دەپارینەوە و نە ئیجازە وەردەگرین وە نە چاوەروانی دیاریەکانتان دەبین. ئیوە دەتوانن لەگەلمان بن، تا هەر دووکمان بە کەرامەتی ئینسانی راستەقینەی خۆمان بگەین. یان دەتوانن لەدژی ئیمە بن و بۆ ماوەیەکیتر دلتان بەوە خۆش کەن کە بە سواغ کردنی ئەم قەلا درز بردویە دەتوانن راستیەکان بشارنەوە، بەلام هیچ سوودیکی بۆتان نیە چونکە تیریك کە دەهاویشترێ ناگەریتەوە بۆ کەوانەکەی.

**ن: سریا**

پرسیار و وەڵام

# بۆچی نیزامی شورایی لە دیموکراسی پارلمانی دیموکراتیك ترە؟

وەلام: مەسەلەی سەرەکی بۆ هەر شورشیك مەسەلەی دەسەلاتە و کاتیك قسە لە ئاکامی شورشیکی سیاسی و کۆمەلایەتی دەکەین، دەبی وەلامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە دەسەلات بەدەست کێیە؟ ئیمە دەمانەوێ دەسەلاتی سیاسی و دەسەلات بۆ بەریوە بردنی ولات بەگشتی لەدەست چینی دارا و دەولەمەند و سەرمایەداری بێتە دەر و بکەویتە دەست خەلکی هەژار و کریکار و زەحمەتکیش.

پرسیاریك ئەوەیە: ئایا جەماوەری کریکار و زەحمەتکیش و بێبەش کە لەوانەیە لەژیر دەسەلاتی نیزامی سەرمایەداری دا زۆربەی هەرە زۆریشیان نەخویندەوار مابنەوە دەتوانن دەسەلات بەدەستەوە بگرن؟ وەلامی ئیمە بە راشکاوی ئەوەیە بەلی دەتوانن. کریکاران لە کۆمۆنی پاریس و لە رووسیای دوای شورشی ئەکتوبر ئەو راستیەیان بە دنیا سەلماند کە دەتوانن دەسەلات بەدەستەوە بگرن و ولات بەریوە بەرن. مەسەلە تەنیا ئەوەیە کە دەسەلاتدارەتی ئەوان بە چ شیوەیەك بەریوە دەچی؟ کامەیە ئەو شیوەی کە دەتوانی هەموو دەسەلاتی بەریوە بەرایەتی ولات، هەر لە یاسا دانانەوە بگرە هەتا بەریوە بردنی یاسا، هەمووی بخاتە ژیردەستی خەلکی کریکار و زەحمەتکیش؟

دەسەلات دارەتی لە روالەتی ئالۆزکاو و پیچراوەیی کە دەسکردی سەرمایەدارانە بێنێتە دەر و بە جۆریك ئاسانی کاتەوە کە لەدەس رەسی چەوساوەکان و بێبەشانی کۆمەلگادا بێ.

ئەگەر مەلاکانی شیعە و حاجیەیە نەخویندەوارەکانی بازار و میلیونیرەکان، دەتوانن حیساب دار و مودیری خویندەوار و دەرچووی زانکۆ بێننە خزمەت خۆیان و موهەندیسان و پسپۆرانی هەموو بواریك بەرنە لای خۆیان و بە پارە کاریان پێبکەن، حکومەتی زەحمەتکیشانیش دەتوانێ هەر ئەو کەسانە لە دەوری خۆی کۆکاتەوە و حقوقیان پێ بدات بەو شەرتەی ئەوانیش لە پیناوی بەدی هینانی ئاسایش و ریفاە و پیشکەوتنی کۆمەل دا کار بکەن. کاتیك دەسەلات بەدەست خەلکی هەژار و زەحمەتکیشەوە بێ، بەرە بە بەرە ئەوانیش هەموو ئەو زانست و لیزانیەی کە سالەهای سال لێیان دریغ کرابوو، بەدەستی دینن و کەم و کوریەکانی خۆیان لەم بوارەدا قەرەبوو دەکەنەوە. ئەو شیوە لە حکومەت کردنە کە بە جەماوەری کریکار و زەحمەتکیش فورسەتی ئەوە دەدا کە لە رەوتی دەسەلات بەدەستەوە گرتن دا فیری دەسەلات دارشتن بن. خۆیان هەم قانوون دانەر بن و هەم بەریوەبەری قانوون، ئەوە سیستمی شوراییە. دیموکراسی پارلمانی ئەو کاتەی کە بورژوازی وەکوو چینیکی نوێ دام و دەزگای حکومەتی فیئودالەکان و ئەشراف و پاشاکانیان تیکەوە پیچا و خوازیاری دامەزراندنی دەزگای یاسا دانەر بوون کە لە نوینەرانی هەلبژیردراوی خەلك پیك هاتبێ، هەنگاویکی بەرەوپیش بوو بەلام ئەو شیوەیە هەرگیز نەیتوانی دەسەلاتی راستەقینە بخاتە دەست جەماوەر و هەر لە سەرەتاوە جۆریك داریژرا کە حیزبەکانی سەرمایەداران و کەسایەتیەکانی نیو بە دەرەوەی سەرمایەداران و ژمارەیەکی دیاری کراو ریگا بۆ چوونە ناو پارلمان پەیدا بکەن. بیجگە لەوە لەپال دەستی پارلمان دا ئەرتەش و هیزەکانی پولیس و دەزگاکانی جاسوسی دامەزران و دام و دەزگایەکی بوروکراتیکی پان و بەرینی ئیداریش کەوتە کار. ئەو سیستمە بەرە بە بەرە بە تەواوی جەماوەری کریکار و زەحمەتکیشی لە دەسەلات دور خستەوە و بوو بە ئامرازی حکومەت کردن بەسەریان دا. لە سیستمی دەسەلاتداریەتی شورایی دا نە ئەرتەش و هیزی پیشەیی چەکدار دەمینی و نە ئەو جۆرە دەزگا ئیداریە بوروکراتیکە و هەم ئەرکی پاراستنی ولات و هەم ئەرکی بەریوەبەرایەتی ئیداری لەناو سیستمی شوراکان دا جێ دەکریتەوە. بەم شیوەیە کە خەلك هەمووی چەکدار دەبن، هەموو ئاموزشی نیزامی پیویست دەبینن و جیگا و شوینیان لەناو دەزگای ئەرتەشی غەیرە پیشەیی ولات دا بۆ دیاری دەکرێ و هەر چەندەیان لەکاتی تەنگانەدا پیویست بوون بانگهیشت دەکرین و دواجاریش دەگەرینەوە سەر ئیش و کاری خۆیان. سیستمی ئیداری بەریوەبەری ولاتیش بە جۆریك دادەریژری کە ئەندامانی شورا خۆیان کاروباری بەریوەبەری و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی رۆژانە هەر لە خوارەوە هەتا سەرەوە دەگرنە دەست.

خوارەوەترین پلەی شوراکان، شورای گەرەك و دێ و کارگا و کارخانە دەبن کە راستەوخۆ لە کۆبوونەوەی پۆستەکانی بەریوەبەری گەرەك و ئاوایی و کارگا و کارخانە بەدەستەوە بگرن. دوای ئەوە شورای نوینەران لەلایەن ئەندامانی شوارکانی خوارەوەتری خۆیان هەلدەبژیردرین. لە سەرەوەترین پلەدا کونگرەی سەراسەری نوینەرانی شورا مەحەلیەکان هەیە و لە خوارەوەترین پلەکان دا شوراکانی شار ودێ و گەرەك و کارخانە، ریزدەبەستن.

جەماوەری خەلك لە ریگای ئەو سیستمە شوارییەوە خۆیان راستەوخۆ وەکوو ئەندامانی دەولەت لە کار وباری حاکمیەت دا بەشداری هەلسووراوانەیان دەبێ و لە ریگای نوینەرانی خۆیانەوە لە هەموو پلە و پایەیەك دا بەشداری دەسەلاتن، لەو سیستمەدا، هەرکات جەماوەر بە نوینەری خۆی نارازی بێ، دەتوانی بانگی بکاتەوە و کەسی تر لە جیگای دابنێ.

ئەو نیزامە ریگا بە جەماوەر دەدا، هەم حکومەت بکات هەم بەرە بە بەرە فیری حکوومەت کردن بێ و توانایی و لیهاتوویی خۆی لەم بوارەدا بەریتە سەرێ. ئەو سیستمە ریگا نادات کە ژمارەیەك پیشەی تایبەتیان ببێ بە حکومەت کردن و ژمارەیەك کاریان هەر مل کەچی و بەریوەبردنی بریارەکانی سەرەوە بێ. ئەوان هەم هیزی بەریوەبەری کار و باری مەحەلین و هەم هیزی دیاری کەری ئورگانەکانی سەرەوەتری خۆیانن.

لەو سیستمەدا جەماوەری خەلك بە راستی ئیمکانی ئەوەیان هەیە کە نوینەرانی هەلبژیردراوی خۆیان بناسن و لە ئەزمونی ژیانی رۆژانەیان دا تاقیان کەنەوە. کە چی لە سیستمی پارلمانیدا، نوینەری پالمان ئەو کەسەیە کە بە زەبری تەبلیغات و پروپاگەندە خۆی بە خەلك ناساندوە و کە هەلیش بژیردرا، دەروا و بۆ ماوەی چوار سال، لە بەرانبەر خەلك دا، بەرپرس و وەلام دەرەوە نیە و ئەگەر لە ئامانج و بەرژەوندی ئەو خەلکەی کە هەلیان بژاردووە، دوریش کەوتەوە، چارە نیە و دەبی وجودی هەتا تەواو بوونی ماوەکەی تەحەمول بکرێ. تازە ئەوە لە کاتیك دایە کە قسە لە هەلبژاردنیکی ئازاد و لە سیستمیکی جێکەوتووی دیموکراسی پارلمانی دەکەین و لە راستی دا لە ولاتانی دواکەوتووی سەرمایەداری، هەلبژاردن گالتەجارە و هەرکەس هیزی دەسەلاتدار بیهەوێ هەر ئەو سەر لە سندوقی دەنگدان دیبتە دەرێ.

تەنانەت لە ولاتانی پیشکەوتوی سەرمایەداریش، سەلماندنی ماف دەنگدانی گشتی و بەرین کردنەوەی ئەو مافە هەتا سەلماندنی ماف دەنگدان بۆ ژیان، گەلیك دیاردەی پیشکەوتن خوازانەی کۆمەلایەتی کە لە هیندیك لە ولاتانی دنیا دەبیندرین، هەمووی بەرهەمی خەباتی سوسیالیستی و کریکاری لە یەك سەدەی رابردو و دان و گەرای نیزامی سوسیالیستین کە لەناو جەرگی نیزامی سەرمایەداری دا داندراون. نیزامی سەرمایەداری نیشانی داوە کە لە پیشکەوتوترین ناوەندەکانی خۆیدا، هەرکات تووشی گیروگرفتیك دەبێ، بە ئاسانی هەموو بەها دیموکراتیکەکانی پیشووتری خۆی دەنێتە ژیر پێ. بۆ نموونە دیتمان کە دوای رووداوی تیروریستی ١١ی سیپتامبر لە ئامریکا، چلون دەولەتی ئەو ولاتە بە دەیان یاسای دژی دیموکراتیکی بەکردەوە دەرهینا و ماف هاوولاتیان تەنانەت بە زەقترین شیوە پیشیل کرا. هەر لە ئەشکەنجە لە زیندانەکانەوە بگرە هەتا بەزاندنی حەریمی ژیانی تایبەتی.

پاشماوەی وتوویژێك لەگەڵ ژنێکی ستەم لێکراو ...




یەکیك لەو قوربانیانە ژنیکی ١٥ سال تەمەنە و خەلکی مەریوانە و حەوتووی رابردوو دەستی داوەتە خۆسووتاندن کە ٩٠دەرسەدی گیانی سووتاوە، ئەم ژنە بە سەرهاتی خۆی ئاوا باس دەکا:

من تەمەنم ١٥ سالە، خەلکی شاری مەریوانم، ماوەی ٤ مانگ لە مەوبەر بە زەبر و زەنگی بنەمالە لە گەل کەسیك ئیزدواجم کرد کە ئەسلەن خوشم نەدەویست و جیاوازیمان زۆر بوو. ئەو هەر لە سەرەتاوە بە بیانووی پوچ و بی ناوەروك دلٚ پیس کردنی دەستی پی کرد، بە تەوهین و بیحورمەتی و کوتەك کاری ئازارمی دەدا. تا ئیستا چەندین جار بە مست و لەقە بە نیازی کوشتنم کەوتوەتە گیانم. لەم ماوە کورتەی ژیانی زۆرەملی دا رۆژ نەبووە کە ئازار نەدریم و بی حورمەتیم پینەکری. جاریك شووەکەم وەها دای لە سەرم کە تا ماوەیەك بە هۆی شکانی جومجومەی سەرم توانایی ریگا رویشتنم نەبوو وە بە دریژایی ئەم ماوەیە تا کاتی چاك بوونەوەم منی لە مالدا زیندانی کرد. هەرکاتیك کە هاوسەرەکەم لە مالٚ ئەرویشتە دەرەوە درگای لە سەرم دا دائەخست و تەلەفونەکەشی قەتع ئەکرد. ئەو پیاویکی موسولمان و لە پەیرەوانی مەکتەبی قورئان واتە لایەن گرانی موفتی زادەیە و ئیجازەی نەئەدا لەگەل هیچ دراوسی یەك و یان خزمەکانم پەیوەندی بگرم، تەنانەت نەم ئەتوانی لە درگای مالەوە سەر دەربینم.لە راستی دا من زیندانی ئەو پیاوە بووم نەك شەریکی ژیانی، چەند جار بە مەبەستی وەرگرتنی تەلاق لە مالٚ دەرچوم و پەنام بۆ مالٚی باوکم برد بەلام باوکم کە هاوسەرەکەمی بە پیاویکی باش و پاك ئەزانی هەردەم لاینگری لی دەکرد و منی ناچار دەکرد کە دووبارە بۆ زیندان( ژیان) بگریمەوە. سەر لە نوێ ئازار و ئەزیەت و بی حورمەتی دەستی پی ئەکردەوە و من دەبوایە ئەم ژیانە پر لە ئازارەم تەحەمول بکردایە.

هیچ پشتیوانیکم شك نەدەبرد، کەسیش نەیدەزانی دەردم چییە، یاسایەك نەبو و پشتیوانیم لی بکا، لەگەل ئەوەی کە ژیانم زۆر خوش دەویست بەلام ریگا چارەیەك جیا لە خۆکوشتن بۆ من وجودی نەبوو.

حەوتوویەك بەر لەم روداوە لە مەریوان بە مەبەستی خۆ کوژی دەستم دایە خواردنی قورس، بەلام چون نەم توانی قورسی زۆر بخوم هیچم لٚی نەهات، تا ئەوەی کە دوینی لە ناو حەمامی مالەکەماندا دوای ئەوەی لە لایەن هاوسەرەکەم کوتەك کاریەکی زۆر کرام بەم شیوەیە نەوتم بە سەر خۆم دا کرد و خوم ئاگر تیبەر دا تا کوتایی بە ژیانم بینم و لەم هەموو دەرد و کویرەوەریە هەر لە سەرەتای ژیان و جوانیمەوە خۆم رزگار بکەم.

لە کاتی سووتان دا ئازاریکی یەکجار زۆرم بوو و ژنی خاوەن مالەکە دەرگای شکاند و فەریام کەوت. کاتیك گشت گیانم سووتا بوو ئاگرەکەی خاموش کرد و ئیستاش هیچ پەشیمان نیم و ئارەزوم بۆ بکەن تا زووتر بمرم.

سەیری سیمای من کە وای لی هاتووە مەکەن، من زۆر گەنج و زۆریش جوان بووم بەلام ئیستا بەم شیوەیەم لی هاتووە.

چیروکی ژیانی من کە ئاوات و ئارەزو گەلیکم بۆ دوا رۆژی ژیانم هەبوو، بەم شیوەیە لە ١٥ سالیەوە کوتایی پیهات. من دەم هەویت هەموو خەلکی دونیا راستیەکانی ژیانی من بناسن. من لە چنگ ئازار و ئەشکەنجەکانی هاوسەرەکەم دەستم دایە ئەم کارە، خوزگە خاوەن مالەکەمان درەنگتر دەگەیشتە سەرم و ئاوا زیندو نەبایەم.

هیشتا چیروکی ئەم قوربانییە کوتایی پی نەهاتبوو کە لە بەشی ئورژانس دەنگی شین و گریان بەرز بوەوە، خوم گەیاندە ئەم شوینە دیتم ژنیکی سوتاویان لە کامیارانەوە

هینایە نەخۆشخانەی تەوحید، براکەم وەکو ولامی هەمیشەیی ئەم چەشنە پرسیارە کە بۆ وای لی هاتووە؟ دەلی لە کاتی نەوت کردنە ناو عەلادین چراکە کلپە دەکات و ئاوری تی بەر دەدا. رۆژی دواتر خەبەر دار بوم کە بە هۆی ریژەی سەرەوەی سوتاویی گیانی لەدەس داوە.

ئەو چەشنە روداوانە رۆژ نی یە کە دوبارە نەبیتەوە. بە وتەی یەکیك لە پرسونیلەکانی نەخۆشخانە: بەر پرسان و پزیشکی قانونی سەبارەت بە راگەیاندنی ئاماری واقیعی لە بارەی خوکوژی خۆ ئەپاریزن و هەول دەدەن کە ئەم ئامارە دل وە خورپە هینەرە بلاو نەکەنەوە، هەر وەها دەیگوت کە ئامارەکانی بڵاو کراوە لە رۆژنامەکان و گۆڤارەکان یەك لە دەی راستیەکان نیە.

بەچاو خشاندنیك بە سەر ریژەی کردەوە خوکوژیەکان و خوسوتاندنەکان لە ماوەی دەسەلات داریەتی رەشی رژیمی ئیسلامی دەر دەکەوی کە خۆ سوتاندن لە نیو ژنان دا ٤ بەرابەر لە پیاوان زۆر ترە کە ئەم ژنانە زۆربەیان کچانی لاون و هەر وەها لە نیو ئەم خوسوتاندنانە دا ژنانی هاوسەر دار کە بە تەمەن لاون ریژەی زۆری ئەم روداوانەیان بە سەر دی کە سەر چاوەکەی ئەو ئازار و ئەشکەنجەیە کە لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە بە سەریان دا دەسەپیندری.

بە پیی ئاماریك کە لەلایەن کار بەدەستانی رژیمەوە دراوەتە دەری ئوستانی کرماشان لە رادەی یەکەم، ئیلام لە رادەی دەهەم، و کوردستان لە رادەی سیهەم دا زۆرترین ژمارەی کارەساتەکانیان هەیە. لە کوردستان زۆرترین ریژەی خوسوتاندن لە شارەکانی کامیاران و مەریوان دەبیندری، داد و هاواری ئەو ژنە سوتاوانە لەم هەموو نابەرابەری و هەلاواردنە تا کەی دەبیت دریژەی هەبی؟ ژنان تا کەی دەبی مل بۆ ئەم یاسا کۆن و پیاو سالارانەی کۆمەڵگا دانەوینن؟ ئایا خوکوشتن و خوسوتاندن ریگە چارەیە؟ بی هیچ شکیك ولامەکەی نایە، دەبیت ورد بینەوە و ریشەکان و هوکارەکانی ئەم هەموو دەرد و ناکوکیە بدوزینەوە و دژ بە ئەم ناکوکیانە خەبات بکەین هەتا یاسا و ریسای دینی و مەزهەبی و پیاو مەزن و پشتیوانی رژیمی کۆماری ئیسلامی لەم یاسا دژ بە ژنە لەسەر پێی خوی بی، ئازادی مانا ناکریتەوە، تەنیا بە لەگۆر نانی رژیمی ئیسلامی و قەوارەی فەرهەنگ و سونەتی دینی و پیاو مەزنانەی باو لە کۆمەڵگایە کە ژنان لە داوی ئەم هەموو رۆژ رەشی وهەلاواردن و سوکایەتی پی کردن و ئەشکەنجە دانە رزگاریان دەبیت.

*

هونەر و ئەدەبیات

# هونەر و ماتریالیسم

نووسینی: دوکتور تەقی ئەرانی ئامادە کردنی: پەیمان

هونەریش وەك زانست، فەلسەفە، ماف و شتیتر یەکیك لە ئاکامەکانی ژیانی مادی بەشەرە.

مەبەست لەم وتارە ئەوەیە کە بیسەلمینین، هونەر بگرە لەم روانگەوە کە یەکیك لە خۆپیشاندانەکانی "رۆحیی" بەشەرە، ماددییە و بە یەکیك لە دەرکەوتەکانی ژیانی بە کۆمەلی مرۆڤ دەژمیردریَ.

واتە هەروەکو چۆن زانست و فەلسەفە و ماف و ئایین و بەگشتی تەواوی دیاردەکانی کۆمەلایەتی، ئاکامی هەل و مەرجی ئابووری کۆمەڵە، هونەریش بەپیی هەلدان یان لاواز بوونی شیوەی بەرهەم هینانی سەروەت لە حالی هەلدان یان نشوستی دایە، بە واتایەکیتر هونەریش وەك باقی دیاردە کۆمەلایەتییەکانیتر لەژیر کاردانەوەی هەل و مەرجی بەرهەم هینان و شەرایەتی ماددی سەردەمەکەیەتی.

بۆ ئەوەی بابەتەکە روونتر بیتەوە، پیویستە بزانین هونەر چییە؟ و چ رۆلیك لە کۆمەلدا دەگیریَ.

مرۆڤ تەنیا هەر بیر ناکاتەوە. ئەو خاوەنی زۆر هەست و عەواتفیشە. هەلبەت ئەم هەست و عەواتفە نابی وەك شتیکی غەیرە ماددی چاو لیبکەین.

ئەمانەش تایبەتمەندی مادییان هەیە. لە هەر حالدا مرۆڤ لە دیتنی کردەوەی باش شاد و لە بینینی خراپەکاری دلگرانە، ماوەیەك خۆشحال و سەردەمیك غەمناك دەبیَ، کاتی کەیلی هیوایە و ئارەزی لە شتیکە و کاتیکیتر بە پیچەوانە...

بەگشتی چون هەست و حەز و ئارەزوەکانی بەشەر بیَسنوورە، هونەر ئەم هەست و عەواتفە کۆ دەکاتەوە و لە ریگای شکل و روالەتی هەست پیکراوی وەك: وتە، دەنگ و جوولە یان لە ریگای کەرەسەی ترەوە دەردەبری.

شیعر، مۆسیقا و وینەگەری هەر کامەیان یەکیك لە دیاردەکانی هونەرن. کە وابیَ، دەتوانین بلیین:

هونەر کەرەسەی کۆمەلایەتی کردنی هەستەکانە وەیان وەك تۆلستۆی ئەلی:

هونەر کەرەسەی گواستنەوە و تەشەنەی عەواتفە.

لە گەڵکوو پارچەیەك مۆزیك لیَ بدریَ، فەوری گشت هەستگەلی مۆسیقاژەنی هونەرمەند دەچیتە ناخی بیسەر و دەیانخاتە ژیر کاردانەوەی خۆیەوە.

بەم چەشنە عەواتفی تاکی هونەرمەند، دەبیتە هەستیکی کۆمەلایەتی، وینەگەری، پەیکەر سازی، شیعر و بیناسازیش لەم روانگەوە وەك مۆسیقان.

ئیستا کە تەعریفی هونەر، واتە لیکدانەوەی عەواتف بە شیوەگەلی ماددی هەست پیکراو و دەورو نەخشی کۆمەلایەتیەکەی، یانی بەگشتی کردنی هەستگەلی تاکە کەسمان بۆ دەرکەوت، پیویستە بزانین کە گەشە و هەلدانی هونەر پەیوەندی بە چ عەواملیکەوە هەیە و تا چ رادەیەك گەشە و هەلدانی کۆمەلایەتی کاردانەوەی لەسەر هەلدان و پووکانەوەی هونەر هەیە.

هونەر بەهەر شکل و شیوەیەك چاو لیبکری و لە نەزەر بگیریَ، بە شیوەی راستەوخۆ وە یان ناراستەوخۆ، بەهۆی زنجیرەیەك پەیوەندییەوە ئاکامی هەل و مەرجی ئابووری و رادەی گەشەی کەرەسەی فەننی کۆمەلگایە.

بە هەر ئەندازەیەك ئەبزار و ئالاتی مۆسیقا لە ولاتیك دا پیشکەوتووتر بیت، هەر بەو رادەیەش بەرهەمە مۆسیقیەکەی کاملتر و باشترە لە بەرهەمی مۆسیقای ئەو ولاتانەی کە ئیستاش لە کەرەسە کۆن و سوننەتیەکان کەلك وەردەگرن.

ئەگەر تا رادەیەك لە کۆمەلگا سەرەتایی بەشەردا، هونەریك سەری هەلدابیَ، یەقینەن پەیوەندیەکی راستەوخۆی لەگەل پیداویستی بە کردەوەی ژیانی ماددیدا بووە. کۆنترین هونەرەکان چۆپی و مۆسیقا و شیعرن.

لەنیو گشت هونەرەکاندا، بیناسازی خاوەنی لایەنیکی فەننیترە و لە ئاکامدا، پەیرەوی بیناسازی لە پیداویستیە ماددیەکان روونتر و بەرچاوترە. لە سەرەتادا مەبەست لە دروست کردنی بینا تەنیا پیداویستییەکی بە تەواوی ماددی، بەشەر بوە، مەعبەدەکانی یونان و تاقی گوتیك لاسایی کردنەوەی بینا دارینەکانی کۆنن کە بە تەواوی لەسەر ئەساسی پیداویستیەکی ماددی بینا کرابوو، واتە عەینەن هەر ئەو بینایانەمان، بە کەرەسەگەلیتر و قایمتر دروست دەکرد.

هەلبەت بە شیوەی ناراستەوخۆ عەواملی ماددی، بۆ نموونە عەواملی ئایینیش رۆلی هەبوە. لەوانە گونبەد و منارە بەرزەکانی مزگەوتی موسلمانان بۆ ئەوە بوە تا دەنگی بانگدەر بە باشی بگاتە گویَی خەلك. لە ئەدەبیاتیش دا ئال و گۆری هەل و مەرجی ئابووری بە باشی ئاشکرایە.

بەشیکی بەرچاو لە ئەشعاریك کە لە سەردەمی ملوك ئەلتەوایفیدا وتراوە، تەنیا لە مەدح و سەنای ئەمیران و دەسەلاتدارانداا بوە و بەشیکیتری هەرچەند راستەوخۆ ملکەچی شەرایەتی ماددی نەبوە، بەلام بە شیوەی ناراستەوخۆ مەحکومی سیستمی ئابووری ئەو سەردەمە بوە. وگەل ئەوەشدا پیویستە بەپیی مەکتەبی ماتریالیسم، بلیین کە ئەم هونەرانەش بەش بە حالی خۆیان بونەتە هۆی گەشە و تەکامولی ژیانی کۆمەلایەتی و پیویستی سەرهەلدانی نووسەرانیکی وەك:

تولستوی، تسواك، گورکی، سەمەد بیَهرەنگی و مارکیَز و زۆر کەسیتر، واتە بەرهەمەکانی هونەرمەندانی سەدەکانی رابردوو بونەتە سەرچاوەی سەرهەلدانی بە سەدان مرۆڤی هەلکەوتەی وەك ئەمانە. بەگشتی پیویستە ئەوە بلیین کە ئەگەر تاریفی هونەر وەك تەعبیری عەواتف، بە چەشنی ماددی هەست پیکراو، و دەور و نەخشی کۆمەلایەتیەکەی بەگشتی کردنی

هەستگە لە تاکیەکان بزانین، بەم شیوەیە خویندنەوەی شیعرەکانی سەعدی و مەولەوی و هاوقەتارەکانیان هەستی ئیمە نابزوینن. مەگەر ئەو کاتەی کە ئاستی بیرکردنەوەمان تا سنوری سەردەمەکەی ئەوان بینینەوە دواوە و لەبیر خۆمانی بەرینەوە کە لە چ سەردەمیك دا دەژین و گویَ نەدەینە گرمەی ماشینی زەبەلاحی گەشەی ئابووری و ئال و گۆری کۆمەلایەتی و چاومان لە حاند ئەو شۆرشە نامۆ و سەرسوور هینەرە فکرییەی کە پایەی ماتریالیسمی لە دنیای لەباری ئابووریەوە پیشکەوتوی نویی پیکهیناوە.

# لەماوەی ٥ مانگ دا ٣٠٠ منداڵ لە ئەفغانستان رفیێندراون

بەپیی راپۆرتی "یونیسیف" لە ٥ مانگی ئاخری سالی ٢٠٠٣ زایینی زیاتر لە ٣٠٠ مندال لە ئەفغانستان رفیندراون، ئەم مندالانە بۆ کەلك وەرگرتن لە ئەندامانی لەشیان یان بۆ کەلك وەرگرتنی جنسی یان بۆ کار کردن لە قاچاخی مەوادی موخەدیر کەلکیان لیَ وەر دەگیریت، تورە مافیاییەکان و تورەکانی قاچاخی مەوادی موخەدیر لە ئەفغانستان و ولاتانی دراوسیَ لە هەر سالیك دا میلیاردها دولار لە ریگای کرین و فرۆشتنی ئەندامانی لەشی مندالان، قاچاخی مندالان بۆ کەلك وەرگرتنی جنسی و گواستنەوەی مەوادی موخەدیر قازانج بەدەست دینن، لە ئاوا هەر و مەرجیکدا ئەفغانستان ولاتیکی ئەمن بۆ مندالان نیە و هەررۆژە ریژەی ئەم قوربانیە بیَتاوانانەی نیزامی سەرمایەداری لە حالی زیاد بوون دایە.



# راپۆرتی یونیسیَف سەبارەت بە کەلك وەرگرتن لە منداڵان لە هیێزی چەکداردا

بەپیی راگەیاندنی ریکخراوەی یونیسیف، ژمارەی ئەو مندالانەی کە لە ئافریقا و شوینەکانیتری جیهان بە زۆرە ملی رەوانەی پادگانە نیزامییەکان دەکرین روو لەزیاد بوونە. بەپیی ئەم راگەیاندنە، کەلك وەرگرتن لە کوران و کچانی ژیر ١٨ سال تەمەن وەکوو سەربازی پیادە نیزام، لەلایەن ریکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە مەحکوم کراوە، کەچی ئەم کردەوەیە لە ماوەی ٨ سالی رابردوودا تا رادەی ٥٠ دەرسەد چووەتە سەریَ.

ولاتی "میانمار" بە نزیکەی ٧٧ هەزار سەربازی مندال، بەرزترین رادەی مندالانی سەربازی هەیە و ولاتانی "کۆنگۆ"، "کولومبیا"، "لیبریا" و "ئانگولا" بە رەدیف نزیکەی ٣٠ هەزار، ١٦ هەزار، ١٥ هەزار و ١١ هەزار سەربازی مندالیان هەیە.

بەپیی ئەم راپورتە مەبەست لە سەربازی مندالان تەنیا مندالانی چەك بەسەر شانەوە نیە، بەلکو ئەو کچ و کورانەش دەگریتە بەر کە دەیانرفیَنن و لە شوینە نیزامییەکان دا سوئیستفادەی جنسییان لی دەکەن یان ناچاریان دەکەن لەگەل سەربازە پیاوەکان ئیزدواج بکەن.

پێشرەو

دەورەی دووهەم ژمارە ١٩٠ نیوەی ئەوەڵی جۆزەردانی ١٣٨٣_ ژوئەنی ٢٠٠٤

# راپۆرتی گۆڤاری ئابووری "بلوم بیرگ" سەبارەت بە گەندەڵی لە بنەماڵەی رەفسەنجانیدا

بەپێی راپورتی گۆڤاری بەناوبانگی ئابوری "بلوم بیرگ" سەروەت و سامانی بنەماڵەی رەفسەنجانی میلیاردها دولارە. کوری گەورەی رەفسەنجانی یەکیك لە بەرپرسانی سەرەوەی شیرکەتی نەوتی "ئیستات ئیویلی" نورویژە کە ماوەیەك لەمەوپیش هەوالی بەرتیل خوری هاشمی کوری رەفسەنجانی کە نیوان ١٥ تا ٣٠ میلیون دولار بوو بلاو بوەوە. موحسین کوری ٤٣ سال تەمەنی رەفسەنجانی بەرپرسی میتروی تارانە کە ٢ میلیار دولار سەرمایەی هەیە. یاسیر کوری ٣٢ سال تەمەنی ناوبراو خاوەنی مەزرایەکی بارهینانی ئەسپە لە لەواسانی نزیك تاران کە هەر هەزار میتری چوار گوشەی بایی یەك میلیون دولارە. میهدی هاشمی هەروەها یەکیك لە بەرپرسانی سەرەوەی شیرکەتی گازی ئیرانە، جیگای ئاماژەیە ١٥ لە ١٠٠ی گازی دنیا لە ئیران دایە.

سەروەت و دەسەلاتی بنەمالەی رەفسەنجانی تەنیا بە کورەکانیەوە نابەسریتەوە، بەلکو خزمەکانیشی لە ئیدارەی ئەو سەروەت و سامانەدا بەشدارن.

ئەحمەدی هاشمیان، کوری مامی رەفسەنجانی مودیری شیرکەتی بەرهەم هینانی پستەی رەفسەنجانە کە لە ناردنی پستە بۆ دەرەوەی ولات هەر سال ٧٦٤ میلیون دولار داهاتی هەیە و هەمووی لەژیر دەسەلاتی بنەمالەی رەفسەنجانی دایە. ئەحمەد برای گەورەی رەفسەنجانی مودیری مەجمەعی سەنعەتی "سەرچشمە"یە کە گەورەترین مەعدەنی مسی ئیرانە. مەحمود برای تری رەفسەنجانی بە حاکمی قوم دەناسریت.

عەلی هاشمی برازای ٤٣ سال تەمەنی رەفسەنجانی ئەندامی کوموسیونی وزەی ئیرانە کە سیاسەتی نەوتی ئیران دادەریژیت، موحسینی رەفیق دوست کە برای ژنەکەی رەفسەنجانیە بەرپرسی بونیادی موستەزعەفانە کە یەك لە سێی ئابووری ئیرانی بەدەستەوەیە، وا باس دەکریت کە هەزینەی تیروریستە نیونەتەوییەکان لەلایەن ئەم بونیادەوە دابین دەکریت. بونیادی ناوبراو ١٢ میلیارد دولار سەرمایەی هەیە.

بەپیی ئەم راپورتە ١٢ بنەمالەی مەزهەبی دەستیان گرتووە بەسەر ١١٠ میلیارد دولار لە بەرهەمەکانی ئیران دا. ئیران ١٥ دەرسەدی گاز و ٩ دەرسەدی نەوتی دنیای هەیە کە ئاوا لەلایەن بنەمالەی رەفسەنجانیەوە دەستی بەسەردا گیراوە. سەرمایەگوزاری ئەم بنەمالەیە لە بوارەکانی مەزرای بەرهەم هینانی پستە، بیناسازی، ئوتوموبیل سازی و شیرکەت گەلیکی فروکەی خسوسی دایە کە دەگاتە میلیاردها دولار. هەروەها بەپیی راپورتی موئەسیسەی "رون کردنەوەی نیونەتەوەیی" برلین، ئیران لە پەنای ئەرمەنستان، لوبنان و مالی وەك گەندەلترین ولاتی دنیا ناوی لی براوە.



## خانەی کارگەر و هەست بە مەترسی لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سەربەخۆی کرێکاری

وتەکاتی "عەباسی کاربەخش" بەرپرسی خانەی کارگەر نیشاندەری مەترسی و وەحشەتی خانەی کارگەرە لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سەربەخۆی کریکاری.

ئەم بەرپرسەی رژیم دەلیت: ژمارەیەك لە کریکاران لە ئاست داخوازیەکانیان واتە چونە سەرەوەی حەقدەست و مەزایا، کەوتونەتە بەر هاندانی گروپە سیاسیەکان و لە مەسیری یاسایی نارەزایەتی دەربرین دور کەوتونەتەوە.

ناوبراو بە ئاماژە کردن بە ئەوەی کە کریکارانی قەراردادی لە هەلسەنگاندنی خۆیان لەگەل کریکارانی رەسمی خوازیاری حەقدەست و مەزایای زیاترن کە ئەمە بە دەست تیوەردان و هاندانی گروپە سیاسیەکان لە مەسیری یاسایی خۆی دور کەوتوەتەوە و بێئاکام ماوەتەوە.

"عەباسی کاربەخش" لە دریژەی قسەکانیدا دەلیت: ئەگەر نارەزایەتی کریکارانی "مەعدەنی مس"ی شار بابەك رەنگ و بۆنی سیاسی پیوە نەبوایەت کریکاران دەیانتوانی بە خواستەکانی خۆیان بگەن، بەلام نە تەنیا نەیانتوانی بە مافەکانی خۆیان بگەن بەلکو بوەتە هۆی ئەوە کە خاوەنکارەکان بە جیگای ئەوان لە کریکارانی غەیرە بومی کەلك وەر بگرن.

هەلبەت هیچ شکیك لەوەدا نیە کە "خانەی کارگەر" ریکخراویکی سەربە رژیمە و راستەوخۆ لە خزمەت بەرەوپیش چونی ئامانجی رژیم و سەرمایەداران هەنگاو هەلدەگریت. بەلام وتەکانی ئەم بەرپرسەی رژیم نیشاندەری ئەو راستیەیە کە ترس لە بزووتنەوەی سەربەخۆی کریکاری سەرتاپای رژیم و دەست و پیوەندەکانی داگرتووە، هەر لە خامنەییەوە کە فتوای شەرعی و حەرام بونی مانگرتن رادەگەیەنیت تا بەرپرسانی خانەی کارگەر کە ئاوا مەترسی خۆیان لەئاست پەرەسەندنی بزووتنەوەی سەربەخۆی کریکاری ناشارنەوە و راستی‌یەکانی ژیان و خەباتی کریکاران چەواشە دەکەن و لە پشتیوانی لە سەرمایەداران راستیەکان دەشارنەوە و حاشای لێ دەکەن.

# هەواڵەکانی کوردستان و ئێران

## گەندەلی لە شارەداری بانە

لە ئاکامی زەد و بەندی بەرپرسانی‌شورای شار و شارەداری بانە، زەوی یەك بە پانتایی ٧٠٠٠ میتری چوار گوشە هەلکەوتوو لە شارەکی تەوحید کە بۆ دروست کردنی فەزای سەوز دانرابوو وە لە ژیر چاوەدیری شارەداری ئەو شارەدا بوو، لە لایەن شورای شار و شارەداری بانە فروشراوە بە هەر میتریك ١٠٠هەزار تمەن.

شورای شار و شارەداری بانە رایگەیاند کە ١٠٠٠میتر لەم زەوینەیان داناوە بۆ دروست کردنی شوێنی کایە کردن بۆ مندالان. لە ئاکامی ئەم زەد و بەندەدا بەرپرسانی رژیم بری ٦ملیون تمەنیان لە ئەموالی عومومی داگیر کردووە.

## مەرگی دلتەزینی ٢لایەنگری کومەلە لە شاری سنە

بە پێی هەوالی گەیشتوو لە شاری سنەوە، روژی دوشەممە ریکەوتی ٢٨ی گولان لە سەر جادەی (سنە_ هەمەدان ) لە نزیك پولیس رای هەمەدان ماشینیکی وانت بار لە سنەوە بەرەو هەمەدان دەچوو کە لەگەل ماشینکی باری تەسادوف دەکات و بە داخەوە دوکەس کە باوك و کورێکی تیکوشەر بوون بە ناوەکانی سالح ئەحمەی و پەیمان ئەحمەدی دەست بە جی گیانیان لە دەست دەدن. جیگای باسە کە کاك سالح و کاك پەیمان دو لایەنگری دلسوزی‌کۆمەلە بوون.

## تیك هەلچوونی خەلك لە گەل هێزی ئینتزامی لەشاری سنە

بە پێی هەوالی گەیشتوو لە شاری سنەوە، روژی سێ شەممە ریکەوتی ٥ی جوزەردان، لە نیوان خەلکی گەرەکی فەرەجە و هێزی ئینتیزامی تیك هەلچونێك روی دا کە لە ئاکام دا بووە هۆی بریندار بوون و گیرانی ژمارەیەك لە خەلکی ئەو گەرەکە.

لە دریژەی ئەم تیك هەلچوونەدا کە کێشرایە گەرەکەکانی دەورو بەریش هێزە ئینتیزامی‌یەکان بە تەقەی هەوایی و گازی فرمیسك رێژ هیرشیان بردە سەر خەلك و ژمارەیەکیان لی دەستگیر و بریندار کردن. هەر لەم پیك دانانەدا خەلك چەند ئوتوموبیلیکی دەولەتی‌یان تێك شکاند. هۆی ئەم پیك دانانە ئەوەیە کە بەکریگیراوانی رژیم هەولی کۆ کردنەوەی دەکەکانی چەند دەستفروشیکیان داوە کە لە گەل بەرەنگار بوونەوەی خاوەنەکانیان و خەلك بەرەو رووبوونەتەوە. یەکیك لە دەستفروشان هەرەشەی کرد ئەگەر مەئموران لێی نزیك ببنەوە خۆی دەکوژیت و کاتیك کە لێی نزیك بوونەوە بە چەقویەك کە لە دەستی دابوو دەستی دایە خودزەنی.

ئەم کردەوەی هێزەکانی رژیم لەگەل مقاومەت و خۆپیشاندانی خەلك و کاسبکارانی ئەو گەرەکە بەرەو روو بوو و لە ئاکام دا بووە هۆی گیرانی چەند کەس لە خەلکی ئەو گەرەکە.

## جینایەتی رژیم لە شاری بانە، کەسێك دەکوژێت و کەسێکی‌تریش بریندار دەکات

رۆژی یەکشەممە ١٠ی جۆزەردانی ١٣٨٣ لە جادەی سەقز ٢ کەس لە خەلکی شاری بانە کە سواری ماشینیکی لاندکروزیر بوون و هیچ جۆرە بار یان کەرەسەیەك کە لە سنوورەوە هینرابیت پێیان نەبوو، لەلایەن هیزەکانی ئینتزامی‌یەوە تەقەیان لی دەکری و یەکیکیان بەناوی "محەممەد سەعید رەشیدی (خواجا میری)" دەکوژریت و یەکیکی‌تر بە ناوی "سەلام مونتەزیری" بە توندی بریندار دەبیت.

## ١٥٠ کرێکاری کارخانەی شاهۆ ٤ مانگە هیچ حەقدەستیکیان وەرنەگرتووە

لە دوای دانی کارخانەی "رستن و چنینی شاهۆ" بە بەشی خسوسی، گرفتەکان بە شیوەیەکی روو لە زیاد بوون بەروکی کریکارانی ئەم ناوەندە بەرهەم هینەرەی گرتووە. نزیکەی ١٥٠ کریکاری ئەم کارخانەیە ٤ مانگە حەقدەستیان وەرنەگرتووە و قسەوباسی ئەوە هەیە کە بەشیکی زۆر لە کریکارانی ئەم ناوەندە بازخەرید یان لەسەر کار دەرکرین. ئەوە لە حالیك دایە کە بەرپرسانی خانەی کارگەری رژیم بەردەوام ئوستاندار و بەرپرسانی‌تری حکومەتی لە ئوستانی کوردستان لەو مەترسی‌یە وریا دەکەنەوە کە ئەگەر رەوتی بیکار کردنەکانی بە کۆمەل دەست پێبکات، ئەم ئوستانە لەگەل مانگرتن و نارەزایەتی دەربرینی بەربلاوی کریکاری بەرەورو دەبیت کە رەنگە لە کریکارانی نانەواخانەکانەوە دەست پێ بکات و ئاو و بەرق و شوینەکانی‌تر بگریتەوە.

## کریکارانی کوردستان و گیرو گرفتی تازە

قەیرانی ئابووری کە سەراسەری ئیرانی داگرتووە لە ئوستانی کوردستانیش بوەتە هۆی گوشار بۆ سەر چینی کریکار لەم ئوستانەدا.

بەرپرسانی رژیم دانیان بەوە داناوە لە چەند مانگی رابردوودا نزیکەی ٦٠٠ کریکاری ناوەندەکانی رستن و چنینی ئەم ئوستانە بیکار کراون، کریکارانی بیکار کراو لە گەل گیروگرفتی زۆری وەکوو هەژاری بنەمالەیی و نەخوشی دەرونی و نەخوشیگەلیکی تایبەت بەرەو روون.

لە کارخانەی شاهو لە ٤٠٠ کریکاریك کە کەوتوونەتە بەر پشکنینی پزشکی، نزیکەی ١٠٠ کریکار توشی نەخوشی گەلیکی وەك: ئاسم، نەخوشی رییە، نەخوشی پیستی و تەنانەت چەند کریکاریکیش توشی سەرەتان بوون.

کەم تەرخەمی خاوەن کاران بە نیسبەت سلامەتی کریکاران، نەبوونی ئیمکانات و هەل و مەرجی بیهداشتی لە شوینی کار و نەبوونی پشتگیری یاسایی لە کریکاران لەو خالانەن کە بوونەتە هۆی پەرەسەندنی نەخوشین لە ناوەندەکانی کریکاری لە ئیران.

## نزیکەی ٧ هەزار کریکاری کارخانەکانی بەرهەم هینانی کرمان لە مەترسی بیکار بوون دان

نزیکەی ٧ هەزار کریکاری کارخانەکانی خودروسازی بەم، زوغال سەنگی کرمان، کارخانەی مسی شاربابەك، کارخانەی مسی خاتون ئاباد و مەیدوك، مەعدەنەکانی کرومیت ئیسفەندەقە، کارخانەی رستن و چنینی با هونەر، کارخانەی پەشم باڤی ئاسیا، کارخانەی پەشمی ئەژدەری و کارخانەی لولەی پروفیل لە مەترسی بیکار بوون دان.

تا ئیستا ٣٥٠ کریکاری کارخانەی "رستن و چنینی باهونەر لەسەر کار دەرکراون، پیویستە بوتری حەقدەست و مەزایای چەند مانگی رابردووی تەواوی کریکارانی کارخانەکانی ناوبراو وە دواکەوتووە، هەر وەها هەموو ئەو کارخانانە فرۆشراونەتە بەشی خسوسی.

## خۆپیشاندانی پەرەستاران لە ٣١ی جۆزەردانەوە دەست پێدەکات

"محەممەدی شەریفی مەقدەم" نوینەری پەرەستاران رایگەیاندووە کە: پەرەستاران لە رۆژی ٣١ی جۆزەردان خۆپیشاندانی نارەزایەتی دەربرینی خۆیان دەست پێدەکەن. بە وتەی ناوبراو ئەوەلین خۆپیشاندان لە رۆژی ٣١ی جۆزەردان و لە بەردەم ریکخراوەی مودیریەت و بەرنامەریژی دەست پێدەکات و پەرەستاران تا گەیشتن بە خواستەکانیان، دریژەی پێ دەدەن.

## چەوسانەوەی کرێکارانی قەراردادی بە شێوەیەکی دژی ئینسانی

ڕیژەیەکی زۆر کریکاری قەراردادی لە ئێران خەریکی کارن و هەر ڕۆژە ژمارەیان روو لەزیاد بوونە و لە هەل و مەرجیکی غەیری ئینسانیدا دەچەوسینەوە. جاری وایە کە حەقدەستی کریکارانی قەراردادی لە ئێران دەگاتە مانگیّ ٣٠ هەزار تمەن. لە حالیکدا کە کریکارانی قەراردادی لە مەزایایەکی وەکوو جیژنانە، بیمەی بیکاری و هیتر بیّبەشن، لە کاتی دامەزرانی کریکارانی قەراردادی، خاوەنکاران چەکی سپی لە کریکاران وەردەگرن تا ئەوان نەتوانن بەهیچ شیوەیەك لەو هەل و مەرجە نارەزایەتی دەرببرن و هەر کاتیك کە خاوەنکارەکان بیانهەویت بەبیّ ئەوەی هیچ مەزایایەك بە کریکران بدەن لەسەر کار دەریان دەکەن. لە راستیدا هەل و مەرجی ژیانی کریکارانی قەراردادی چەوساندنەوەیەکی بیّبەزەییانەیە کە لەلایەن سەرمایەدارانی قازانج پەرەستەوە بەریوە دەچیت و هیچ یاسایەکیش نیە کە پشتیوانی لە کریکاران بکات.

## تەحەسونی موعەلیمان لە بەردەم ریکخراوی مودیریەت و بەرنامەرێژی

سەر لە بەیانی رۆژی سێشەممە ١٢ی جۆزەردان کۆمەلیك لە موعەلیمان لە نارەزایەتی بە بەکردەوە دەرنەهاتن و وەلام نەدانەوە بە داخوازیەکانیان و هەروەها بۆ لابردنی هەلاواردن لە دابەش کردنی ئیمکانات، لە بەردەم ریکخراوی مودیریەت و بەرنامەریژی دەستیان دایە تەحەسون.

بەپیی راگەیاندنی کانونی سینفی موعەلیمان ریکخراوی مودیریەت و بەرنامەریژی لە ولامی داخوازیەکانی موعەلیمان زۆر غەیرە ئینسانی لەگەلیان هەلس و کەوت دەکات. موعەلیمان رایانگەیاند، لە یەك سال لەوەوپیشەوە گرفتەکانی نیزامی ئاموزشیمان باس کردووە بەلام دەزگای مودیریەت بە وادە و بەلینی درۆ و هەرجار بۆ ماوەیەك موعەلیمان دەست بەسەر دەکات.

## حوکمی ئێعدامی ٧ کەس و پەڕاندنی دەست ولاقی ٢ کەسیتر لە ئوستانی مازەندەران

رۆژی سێشەممە ١٢ی جۆزەردان لەلایەن دام و دەزگای قەزایی رژیم حوکمی ئیعدامی ٧ کەس و هەروەها حوکمی پەراندنی دەستی راست و لاقی چەپی دوو کەسیتریان دەرکردوە.

ئەم چەند کەسە مانگی رەزبەری سالی رابردوو دەستگیر کراون، کەچی لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا ئەم حوکمەیان لەلایەن دادگوستەری ئوستانی مازەندەرانەوە بەسەردا سەپا. ئەم حەوت کەسە بە ناوەکانی، رەزا، حەسەن، محەممەد رەزا، حەمید رەزا، نەبی، شەهروز و نەورۆز بە ئیعدام مەحکوم کران و دوو کەسیتریش بە ناوەکانی: حوسین و مورتەزا حوکمی پەراندنی دەستی راست و لاقی چەپیان بەسەردا سەپا.

## ئێعدامی ٣ کەس لە خورەم ئاباد لە بەرچاوی جەماوەری خەڵك

دام و دەزگای قەزایی رژیمی ئیسلامی ٣ کەسی لە شاری خورەم ئاباد لە بەرچاوی جەماوەری خەلك لە سیدارە دا. ئەم کردەوە دژی ئینسانیەی رژیم بووە هۆی بیزاری و تورەیی خەلکی خورەم ئاباد. لە ماوەی سیّ مانگی رابردوودا زیاتر لە ٥٠ کەس لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئیران لە سیدارە دراون و حوکمی ئیعدامی زیاتر لە ١٥ کەسیتریش دراوە.

## ٧٦ کور و کچ لە ڕێ و ڕەسمێکی میوانداریدا دەستگیر کران

٧٦ کور و کچ لە شاری "مەشهەد" لە رێورەسمیکی میوانداریدا دەستگیر کران. دەستگیر کراوەکان کە لە سیّ شوینی جیاوازی شاری مەشهەد خەریکی بەریوە بردنی رێ ورەسمی میوانداری بوون لەلایەن هیزەکانی سپای پاسداران و هیزی ئینتزامیەوە لە ناوچەکانی "سەجاد شار" و "قاسم شار"ی مەشهەد دەستگیر و رەوانەی زیندان کران.

تاوانی دەستگیر کراوەکان، گویّ دان بە مۆسیقا، شایی و هەلپەرکیّ بووە.

## ئێعدام، زیندان و شەللاق لە ئێران هەر ڕۆژە پەرە دەستێنێ



دەرکردنی حوکمی ئیعدام، زیندان و شەللاق لە ماوەی چەند رۆژی رابردوو لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئیران بە شیوەی بەرچاو پەرەی سەندووە. لە رۆژی ٩ی جۆزردان بە حوکمی قەزایی رژیمی ئیسلامی ژن و میردیك بە ئیعدام مەحکوم کران. هەر لەو رۆژەدا پیاویك لە بەرچاوی جەماوەری خەلك لە تەوریز ئیعدام کرا، هەر لەو شارە مەئمورانی سەرکوت گەری رژیم رژانە ناو ریّ و رەسمیکی لە دایك بوون و ٣٢ ژن و پیاویان بە تومەتی ئەوەی کە ژنەکان لەچکیان لەسەر نەبووە دەستگیر کردوە و هەر لەو رۆژەدا حوکمی هەر ٣٢ کەسەکەیان داوە. وادیارە نەخشەی رژیم بۆ ئەزیەت و ئازاری ژنان و پیاوانیك کە مل بۆ فەرهەنگ و پوششی ئیسلامی شل ناکەن، پیش وەخت دەستی پیّ کردووە، بەپیی هەوالەکان پولیسی ١١٠ لە زۆربەی ناوەندەکانی گەشت و گوزار پایگای تایبەتیان داناوە.

## ئەشکەنجەی منداڵان لە زیندانەکانی ئیسرائیل دا

دو نیهادی غەیری دەولەتی ئیسرائیل بە هیوان کە سەرنجی بیرورای گشتی جیهان بەرەولای ئەشکەنجەی مندالان و میّرمندالانی فەلەستینی و چارەنوسی ئەوان لە زیندانەکانی ئیسرائیل دا رابکیشن، ئەم مندالانەی کە ئیستا ماوەی ٣سال و نیوە لە زیندان دان.

ریکخراوەی نەجاتی مندالان و ریکخراوەی نیونەتەوەیی پشتگیری لە ماڤ مندالان، ئەو کەمپەینەیان بە هاوکاری یونیسیف و لە شاری ئورشەلیمی ئیسرائیل دەست پیکردووە. راستییەکەی ئەوەیە کە داوای دووهەمین ئینتفازەی فەلەستین لە سالی ٢٠٠٠دا، هەزاران مندال و تازەلاوی فەلەستینی تەمەن نیوان ١١ تا ١٨ سال لەلایەن هیزە ئەمنیەتیەکانی ئیسرائیلەوە دەستگیر و رەوانەی زیندانەکانی ئیسرائیل کراون. ئیستا کە ٣٥٣ کەس لەو مندالانە لە زیندانەکان دان. وە هەروەها یاساکانی حاکم بەسەر زیندان دا بۆ گەورەکان چۆنە، هەربەم شیوەیەش بۆ مندالەکان بەریوە دەچیت. بەم شیوەیەی کە ئەم ریکخراوە مرۆڤ دوستانە باسی دەکەن ٩٠ لەسەدی ئەم مندالانە بە تاوانی بەرد هاویشتن بەرەولای هیزە سەربازییەکانی ئیسرائیل دەستگیر کراون و هەر بەو تاوانەش حوکمیان بۆ سادر بووە.

بەپیی یاسا نیزامیەکان ئەم کردەوەیە "ئەمنیەتی ولاتی ئیسرائیلی خستوەتە مەترسیەوە". بەپیی ئیدعای ئەرتەش "ئەو مندالانە یان لە کاتی بەرد فریوانەکان دا دەستگیر کراون و یان لەو کاتەدا کە خەریکی بەرد کۆکردنەوە بوون لە گەرەکەکان و لە مەدرەسەکان دا.

دام و دەزگای قەزایی ئیسرائیل جاری وایە بە چەند حەوتوو یان چەند مانگ تەنانەت هیچ هەوالیك لە چارەنوسی ئەو مندالانە بە بنەمالەکانیان راناگەینیّ. بۆ وینە "راکان ساوید" کە میّرمندالیکی ١٢ سال تەمەنە لە حالیك دا دەستگیر کراوە کە لە توالیتی مەدرەسەکەیان دا بووە. ئەو لە دادگایەکی فەرمایشیدا بە ٨ مانگ حەبسی تەعلیقی و ٦ مانگ زیندان و دانی ١١٠٠ یورو مەحکوم کرا. لە تەواوی ئەم ماوەیەدا بنەمالەکەی ئیجازەی ئەوەیان پیّنەدراوە کە ملاقاتی بکەن. تەنیا لە کاتی دادگایی کردنی ئەم مندالەدا بنەمالەکەی توانیویانە کە بۆ ماوەی ٢ دەقیقە چاویان پیی بکەویّ.

راگەیەنەرە گشتییەکانی ئیسرائیل زۆر بە دەگمەن هەوالی گیرانی مندالانی فەلەستینی بلاو دەکەنەوە. جیا لە تەواوی ئەوانە هیچ کات ناکریت کە لە ریگەی ئەرتەشەوە ناو و هۆی گیران و حوکمی سادر کراو سەبارەت بەو مندالانە شتیك بزانریت یان ئاماریك دەست کەویت.

ئەم ئیتلاعاتەش کە ئەم دوو ریکخراوەیە وەدەستیان هیناوە، زۆرتر لەلایەن ریکخراوەیەکی ماڤ مرۆڤی ئیسرائیلی بەناوی "بەبت ولحەم" وەدەست هاتووە. ئەم ئیتلاعاتانەش بریتین لەو سەنەد و کتیبانەی کە لەوان دا شاهید حالانی عەینی گوزارشیان داوە. بەپیی ئەم بەلگانە زۆریەك لە دەستگیر کراوەکان لەژیر وەحشیانەترین ئەشکەنجەدا قەرار دەگرن. بۆ وینە، لە سەعات ١٠ی شەوەوە ناهیلن کە زیندانیەکان بچنە توالیت، ئەشکەنجە لەکاتی بازجوییدا و بەرگری کردن لە خەوتنی زیندانیەکان. زۆرجاران مندالانیك هەبوون کە بەهۆی ئەشکەنجە رەوانیەکانەوە تا سنوری شیتی و خۆکوژی چوون. لە تەواوی ئەم ماوەیەدا و بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی بنەمالەی ئەم زیندانیانە لە ناوچە ئەشغال کراوەکاندا دەژین و ئیجازەی هاتنە ناو خاکی ئیسرائیلیان پیّنادریّ، ناتوانن کە بنەمالەکانیان ببینن و ملاقاتیان بکەن. تەنیا جاروبارە و لەژیر چاوەدیری ریکخراوی سەلیبی سورخی جیهانی، بنەمالەی ئەم مندالانە دەتوانن کە بچنە سەردانی مندالەکانیان. نیهادی نیونەتەوەیی دیفاع لەماڤ مندالان لە گوزارشەکەی خۆیدا دەلی: ئیمە بەلگەگەلیکمان لایە کە بەپیی ئەوان لە سلولیکی ٩ میتریدا نیزیکەی ٢٠ مندال و تازەلاو حەبس کراون. هەروەها یەکیکیتر لە ئەشکەنجەکانی ئەم مندالانە ئەوەیە کە برسی رایاندەگرن و غەزایان پیّنادەن وە یان ئەوەی کە ناهیلن رۆشنایی ببینن و لە شوینیکی تاریك رایاندەگرن.

## ڕژیم ڕێگا بۆ دووبەرەکی مەزهەبی خۆش دەکات

بەپیی ئیدعای رۆژنامەی "جمهوری ئیسلامی" کە رۆژنامەیەکی سەر بە رژیمە، لە ناوچە سوننی نشینەکاندا کتیبیك بلاو بوەتەوە کە تییدا بیّحورمەتی بە مەزهەبی شیعە و خومەینی کراوە. ماوەیەك لەمەوبەر بە پیچەوانە ئاخوندیکی دانشتووی قوم کتیبیکی لە تیراژیکی خەیالیدا لە کوردستان بلاو کردەوە کە تییدا تەوهین بە لایەنگرانی مەزهەبی سوننی کرابوو وە لە چەند شوینیکیش چەند مەلایەکی کونەپەرەستی سوننی لە مزگەوتەکان کەوتنە هاندانی خەلك.

ئەم ئیدعایەی رۆژنامەی "جمهوری ئیسلامی" دریژەی هەر ئەو پروژە کونەپەرەستانەیەیە کە دام و دەزگاکانی سەر بە رژیم ژیر بە ژیر بەریوەی دەبەن وە دەیانهەویت بە نانەوەی ئاژاوەی مەزهەبی، کیشە بخەنە نیوان لایەنگرانی دوو مەزهەبی شیعە و سوننی. بەم شیوە دەیانهەویت دەوری تازەی خەبات و تیکۆشانی جەماوەری لە ئیران و کوردستان بەلاریّدا بەرن و رەنگ و بۆنی کیشەی مەزهەبی پیّبدەن. بەلام ئەو سیاسەتە زۆر لە میژە ریسوا بووە و هەولی پوچ و بیّناوەرۆکی ئەم کۆنەپەرەستانە بیّگومان جاریّکیتر تووشی شکست دەبیت.

## خۆپیشاندانی پەنابەرانی سیاسی ئێرانی لە شاری سلێمانی

رۆژی ١٠ی جۆزەردان نزیکەی ١٠٠ کەس لە پەنابەرانی سیاسی ئیرانی، خۆپیشاندانیکیان بە مەبەستی چارەسەر کردنی کیشەکانیان و باش کردنی بارودۆخی ژیانیان و هەروەها ناردنیان بۆ ولاتیکی سیهەم، لە بەردەم ریکخراوی (u nhcr) لەشاری سلیمانی وەری خست.

خۆپیشاندەران لە یادداشت نامەیەك دا داوایان لە حکومەتی هەریمی کوردستان کردوە کە زەخت بخاتە سەر ریکخراوی (unhcr) بۆ ئەوەی رەوتی کارەکانیان لە مەڕ کیشەی پەنابەران دەست پیّبکاتەوە و هەروەها داوای برینەوەی بریك یارمەتی مانگانە دەکەن تا کاتیك دەنیردرینە ولاتیکیتر.

## پاشماوەی کونگرەی جیهانی کاری منداڵان هەنگاویك ....

بزووتنـەوەی هەڵوەشـاندنەوەی کاری منداڵان "گلوباڵ مارش" یا ڕێژەی جیهانی لەدژی کاری منداڵان، یەکیکە لە گەورەترین بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان. بە هەر ڕادەیەك کە چەوساندنەوەی کریکاران و بیکار کردن زۆرتر دەبی، هەربەم ڕادەیەش کەڵك وەرگرتن لە منداڵان وەك هێزی کاری هەرزان دەچیتە سەرێ. منداڵانیش لەم کونگرەیەدا لە هەل و مەرجی سەختی ژیانی منداڵانی کریکار دوان.

بزووتنەوەی پیش گرتن لە کاری منداڵان کە بزووتنەوەیەکی چینایەتی‌یە سەردەمیکی هەستیاری چارەنوسی خۆشی تیپەر دەکات. بەهۆی نەبوونی پشتیوانیەکی ڕادیکاڵ و سوسیالیستی ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم بزووتنەوەیە لەلایەن هۆکارانی سەرەکی کاری منداڵانەوە بەلاریدا ببردرێت. بەداخەوە سەرەڕای دلسوزی‌یەکی گشتی کە بۆ مەسەلەی منداڵان هەیە، ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا کار دەکەن زۆر کەمن. تەنیا و تەنیا هاوچارەنوسانی ئەم کریکارە منداڵانە دەتوانن کە لەریزی پیشەوەی خەبات لەدژی کاری منداڵان ڕاوەستن، واتە سوسیالیستەکان و کریکاران و بزووتنەوەی ئەوان. بێشك گەلیك ئینسانی یەکسانی خواز و مرۆڤ دۆست هەن کە دەیانهەویت یارمەتی منداڵان بدەن. بەهۆی نەبوونی پشتیوانیەکی سوسیالیستی و ڕادیکاڵ لەم بزووتنەوەیە، مەترسی ئەوە هەیە کە، کەسانیکی‌تر دەست بەسەر ئەم بزووتنەوەیەدا بگرن، کەسانیك کە خۆیان هۆکارانی سەرەکی چەوساندنەوەی منداڵانن. سەرەڕای ئەوەی کە دلسوزیەکی گشتی هەیە بۆ کیشەی منداڵان، بەڵام ئەم کەسانەی کە لەم بوارەدا کار دەکەن یەکجار کەمن و ئەوانەی کە بەنیوی منداڵانەوە، کەڵکی نابەجێ لە منداڵان وەردەگرن یەکجار زۆرن.

خاڵی جیگای سەرنج ئەوە بوو کە ئەم منداڵانە لە بریارنامەی کۆتایی کونگرەکەیاندا باسیان لە مافەکانی کریکاران کردووە و داوای مافی ڕیکخراوبوون، بیمە و ئەمنیەتی شوینی کاریان بۆ کریکاران کردووە.

### کەش و هەوای حاکم بەسەر کونگرەکەدا

لەم کونگرەیەدا هیچ ناویکیان لە ئیقباڵی مەسیح نەبرد. ئیقباڵ ئەو منداڵە کریکارە هەڵسووراوەی بواری بەرگری کردن لە کاری منداڵان بوو کە بە شیوەیەکی وەحشیانە لەلایەن پاریزەرانی سەرمایەداری‌یەوە کوژرا. ئیقباڵی مەسیح کەسیك بوو کە دەتوانین بلیین گرتنی ئەم کونگرەیە لە سایەی کار و هەوڵ و هەڵسوورانی ئەو لەم بوارەدا بوو. چاوەڕوانیەکان ئەوە بوون کە ئەم کونگرەیە بە ڕاگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕیزگرتن لە یادی ئیقباڵی مەسیح دەست پێبکات.

هیچ ناویکیان لە ئیقباڵی مەسیح نەبرد هەتا ڕوخساری ڕاستەقینەی نوینەرانی ولاتەکان دەرنەکەوێ. ناوی ئیقباڵی مەسیحیان نەبرد بۆ ئەوەی کە ئەم شەرە چینایەتیە بشارنەوە.

دەوڵەتی ئیتالیا ٢٥٠ منداڵی کریکاری نوینەری بە بیانووی مەترسی ئەمنیەتی ڕەد کردەوە و ویزای پێ نەدان و تەنیا ویزای دا بە ٢٥ منداڵ کە وەك نوینەر لەم کونگرەیەدا بەشداری بکەن. ئەوەش تەنیا نیشاندەری ئەو ترسەیە کە ڕیکخراوە سەرمایەداری‌یە بەشدار بووەکان و نوینەرانی ولاتەکان و دەوڵەتەکانیان تووشی هاتوون.

سەرنج ڕاکیش ترین بەشی کونگرە کە بەشی پرسیار و وەڵام بوو، منداڵان زۆر بە ڕوونی شتەکانیان شی دەکردەوە و پرسیارەکانی خۆیان دەهینا گۆڕی، ئەوەش لە حالیك دا بوو کە وەڵامدەرەوەکان تەفرە دەرویشتن و بیانوویان دیناوە.

لە کاتی قسەکانی خانمیك کە نوینەری بانکی جیهانی پوول بوو، بەشدار بووان بێدەنگ بوون و هیچ هەستیکیان سەبارەت بە قسەکانی دەرنەبری و لە کاتیکیشدا کە وەزیری ڕفاهی ئیتالیا قسەی دەکرد بەشدار بوان هۆیان لیدەکرد و مەسخەرەیان دەکرد.

ئەم کونگرەیە نە تەنیا نیشاندەری ڕاستەقینەی تاڵی کاری منداڵان بوو، بەڵکو ئەوەشی نیشان دا کە بەرپرسانی ڕەسمی دەزگاکانی سەرمایەداری جیهانی، خەم خۆری ڕاستەقینەی منداڵانی کریکار نین و ئەوان پیویستە پشتیوانانی خۆیان لە شوینیکی‌تردا بدۆزنەوە و جاریکی‌تر ئەم ڕاستیە دووپات بوەوە کە دەبی چەوساوەکان بەهیزی خۆیان لەدژی چەوسینەران ڕاوەستن. بە بەشداری کردنی هەڵسووراوانە لە بزووتنەوەی هەڵوەشاندنەوەی کاری منداڵان، دەتوانین یارمەتی هاوچارەنوسە چکۆڵەترەکانمان بدەین بۆ ئەوەی کە بزووتنەوەکەیان بەهیزتر کەن.

*

## پاشماوەی دوو زەحمەتکیش لە حاجی ئومەران ...

بەپیی هەوالیك کە لە پیرانشارەوە بە دەستمان گەیشتوە ڕژیمی ئیسلامی لە دریژەی، دەست دریژی‌یەکانی بۆ سەر ئاسایش و گیانی کاسبکارانی زەحمەتکیشی سەر سنوور، لە ناوچەی پیرانشار جینایەتیکی تازەی خولقاندوە.

ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی مانگی جۆزەردان، دوو کەس بە ناوەکانی "سەلاح ئەحمەدی" دانیشتوی شاری سەردەشت و "عەزیزی پرشمی" دانیشتوی ئاوایی کۆنەخانێ کەوتونەتە بەر تەقەی هیزەکانی ڕژیم و گیانیان لەدەست داوە. لە کاتیك دا کە خەلکی ناوچە سنوریەکان بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانیان، هیچ ئیمکانیکیان غەیری هینان و بردنی کەل و پەلی پیویست لە هەر دوو بەشی سنووری کوردستان نیە، بەمجۆرە بەردەوام حکومەتی ئیسلامی هەڕەشە لە گیانیان دەکات و ڕۆژ نیە جینایەتیك نەخولقینی.

### پاشماوەی تیك هەڵچوونی خەڵك و هیزەکانی ڕژیم لە سیاناو

خەلکی وەتەنگ هاتووی گوندی "سیاناو" لە ناوچەی مەریوان، لە دوای تیك هەڵچوون لەگەل هیزەکانی ئینتزامی، توانی‌یان ئەو ماشینانەی کە لەلایەن ڕژیمەوە دەستیان بەسەردا گیرابوو ئازاد بکەن. بەپیی هەوال ڕۆژی ٧ی جۆزەردان هیزەکانی ئینتزامی نیشتەجێ لە پاسگای سوریێن دەستیان بەسەر ٣ دەستگا ماشینی خەلك دا گرت. خەلکی ئەم ئاواییەش بۆ ئەستاندنەوەی ماشینە گیراوەکان بەرەو شوینی پاسگا دەکەونە ڕێ و لە ئاکام دا، دوای تیك هەڵچوون لەگەل هیزەکانی ئینتزامی ڕژیم ماشینەکان دەستیننەوە.

شایانی باسە کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ئەمە سیهەمین جارە کە خەلکی ئاوایی "سیاناو" لە بەرانبەر دەستدرێژی بەکریگیراوانی ڕژیم دا دەست دەدەنە مقاوەمەت.

### پاشماوەی تەقینەوەی مین لە بانە

تەقینەوەی مین جاریکی‌تر لە ناوچەی بانە بووە هۆی بریندار بوونی کەسیك. ئەم ڕوداوە لە نزیکی ئاوایی "خەجۆك" ڕووی دا و لاویك بەناوی "ئەحمەدی ساڵحی" کە خەریکی ئاژەلداری بوو بە توندی بریندار بوو. ڕژیمی ئیسلامی کە هیچ هەولیك بۆ کۆکردنەوەی مینە چیندراوەکانی دەورەی شەری ئیران و عیراق لەسەر سنوورەکان نادات، تاوانباری هەموو ئەو ڕووداوانەیە.

## چارەنووسی تاڵی ژنانی ئازاد کراو لە زیندانی ئەبو غرێب

ژمارەیەك لەو ژنانەی کە لە زیندانی ئەبوغرێب دا بەند کرابوون و ئیستا ئازاد کراون بە دوای ئازاد کردنیاندا دەستیان داوەتە خۆکوژی یان لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە کوژراون. هۆکاری خۆکوژی یان کوژرانی ئەو ژنانە دەست دریژی‌یەکە کە لەلایەن سەربازانی ئامریکایی‌یەوە لە زیندان دا کراوەتە سەریان.

بەپیی ڕاپورتیك کە ڕیکخراویکی غەیرە دەوڵەتی عیراقی بڵاوی کردوەتەوە، ژمارەیەك لەو ژنانە کە لەلایەن هیزەکانی ئامریکایی‌یەوە گیراون لە بەرچاوی هاوسەرەکانیان کەوتونەتە بەر دەست دریژی سەربازە ئامریکایی‌یەکانەوە. ژمارەیەکی‌تر لەو ژنانەش پیش ئازاد بونیان لەلایەن سەربازە ئامریکایی‌یەکانەوە حامیلە کراون. هەروەها لە ناوچەی "ئەنبار" ژمارەیەك لە ئەو ژنانە پاش ئازاد بوونیان لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە بەپیی ئەو نەریتە کۆنەپەرەستانەیەی کە گویا شەرەفی بنەماڵەیان لکەدار بووە کوژراون.

## ڕاپۆرتێك سەبارەت بە هەل و مەرجی پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە ئوردون

زیاتر لە ١ هەزار پەنابەری کوردی ئیرانی کە لە کاتی شەری عیراق دا بەرەو ئوردون هەل هاتوون، لە شوینیك بەناوی "الکرامه" لەسەر سنووری عیراق–ئوردون جێگیرن و لە هەل و مەرجیکی گەلیك دژواردان.

"ئەستین برونی" مودیری ئاژانسی پەنابەرانی ڕیکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئوردون ڕایگەیاند: ئەم ئاژانسە هیوادارە کە بەشیك لە پەنابەرانی کوردی ئیران کە بنەماڵەکەیان لە ولاتانی سکاندیناوین بە بنەماڵەکانیان لە ولاتانی سوئد، نورویژ، دانمارك و فەنلاند پەیوەست بن. ناوبراو وتی: ئەگەر ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لەگەل دەوڵەتی ئەم ولاتانەدا هاوکاری بکات، ئەم بەشە لە پەنابەران ٦ تا ٩ مانگی‌تر دەگوازرینەوە بۆ ولاتی سیهەم.

## لەیلا زانا لە زیندان ئازاد کرا



لەیلا زانا تیکۆشەریکی سیاسی و هەلسووراویکی پەیگیری بواری مافی مرۆڤ لە تورکیە ویرای هاوریێیەکانی سەلیم سادق، خەتیب دیجلە، ئورهان دۆگان ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی جۆزەردان لەژیر گوشاری جەماوەری‌دا لە زیندانی دەوڵەتی تورکیە ئازاد کران. ئەم چوار کەسە لە ساڵی ١٩٩٤وە بە هۆی چالاکی سیاسیەوە زیندانی کرابوون.

لەیلا زانا و هاوریێیانی پاش ئازاد بونیان لەگەل پیشوازی گەرم و شکۆداری خەلك کە شیاوی خۆراگری و خەباتکاری ئەوانە لە شارەکانی دیاربەکر و ... بەرەوروو بوون.

## پاشماوەی ریبەرانی کۆماری ئیسلامی .........

سەرکوتی خەلك لەژیر ناوی یاسای لە سەرشانە، لە ساڵی ڕابردودا ئازادی بەیان و عەقیدەی لەوەی کە هەبوو کەمتر کردەوە و ژمارەیەکی زۆری لە چاپەمەنیەکان و گۆڤارەکانی داخستووە و ژمارەیەك لە هەوالنیرانیشی ڕەوانەی زیندان کردووە و بۆ بەرتەسك کردنەوەی ڕادەی زانیاری خەلك لە ئاڵ و گۆڕەکانی جیهان ژمارەیەکی زۆر لە تورە ئینترنیتیەکانی بەستووە.

ئەوەی کە لە گوزارشی ڕیکخراوی لیبوردنی نیونەتەوەیی‌دا هاتووە تەنیا گوشەیەکە لە پیشیل کردنی مافی مرۆڤ لە ئیرانی ژیر دەسەلاتی شاقەل دریژ و عەقل کورتانی کۆماری ئیسلامی.

بۆ ئەو ئیرانیانەی کە بە گۆشت و پیستی خۆیان جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی‌یان چیشتوە و بۆ ئەو کەسانەی کە لە جەهەنەمیك بەناوی کۆماری ئیسلامی‌دا دەژین ئەو نمونانە بە بەردەوامی ڕوو دەدەن.

کاتیك کە دەست و پیوەندەکانی وەلی فەقی ڕژیمی ئیسلامی، بە هاوبیران و لایەنگرانی خۆیان ڕەحم ناکەن، ئەوکات چارەنوسی خویندکارانی شورشگیر، ژنانی خەباتکار و ئازادیخواز و کریکارانیك کە بۆ وەرگرتنی حەقدەستی خۆیان خەبات دەکەن دەبی چی بێت؟

بێهۆ نیە کە زۆریك لە دانشجویانی زیندانی کە لە چەند ساڵی ڕابردودا گیراون بەردەوام دەخرینە ژیر ئەشکەنجە وئازار و لە کۆتاییش دا سەر لە بیمارستان دەردینن.

یان پیرە پیاویك وەك "سیامەکی پورزەند" کە لەژیر گوشار و ئەشکەنجەی زیندانەوان تا مردن دەچیت و ناچار دەبن بینین بۆ بیمارستان.

یان لە کۆماری ئیسلامی‌دا کوشتنی ڕۆژنامەوانی وەك "زەهرای کازمی" لەژیر ئەشکەنجە و تەنیا بە تاوانی وینە هەلگرتن لە دەوروبەری ئەڤین، ئەمریکی نائاسایی بە حیساب نایە.

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بە دەسەلات گەیشتنی، بە کوشتن و قەتل و زیندان و ئەشکەنجەوە حکومەتی کردووە. پەروەندەی ئەو حکومەتە قورستر لەوەیە کە بە هەڕەشەی سازمانی لیبوردنی نیونەتەوەیی مافی مرۆڤ بتوانین کۆتایی بە جینایەتەکانی ئەو بینین.

بەرپرسان و سەرانی حکومەتی ئیسلامی کە دەستیان بە خوینی هەزاران کەس لە زیندانەکان و دەرەوەی سنورەکانی ئیران سوور بووە، وە لە سەرکوتی بزووتنەوەکانی جەماوەری و حەرەکەتی کریکاری‌دا دەستیان هەیە، دەبی لە لیستی جینایەتکارانی دژی مرۆڤایەتی‌دا بگونجین و لە دادگای نیونەتەوەیی‌دا ئەو جینایەتکارانە بکیشرینە ژیر محاکمەی عادلانە.

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

# PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 190 June: 2004


## - کونگرەی جیهانی کاری منالان هەنگاوێك بەرەوپێش
## - دەوڵەتەکان رێگا بە بەشداری نوێنەرانی منالان لە کونگرە نادەن

یەکەمین کونگرەی جیهانی کاری مندالان لە رۆژەکانی ١٠ تا ١٣ی مانگی مەی و لەشاری فلۆرانسی ئیتالیا بە بەشداری ٢٥ مندالی کریکاری نوینەر لە ولاتانی ئافریقا، ئامریکا، ئامریکای لاتین و ئاسیا و ١٤٧ مندال بەریوە چوو. ئەم کونگرەیە یەکیك بوو لە پر شور و شەوق ترین خۆپیشاندانی چەوساوەکانی دەست کویلەتی لە نیزامی سەرمایەداری. لەم کونگرەیەدا جیا لە مندالانی کریکار، مندالانیکی هەلسووراویتری بواری مەسەلەکانی مندالان بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە مندالانی کریکار بەشداری‌یان کردبوو.

جیا لە مندالان و ریکخراوەکانی پشتیوانی کەر لەوان، نوینەرانی یونسکو، یونیسێف، ریکخراوەی جیهانی کار، فدراسیونی ئیتحادیە ئازادەکان، نوینەرانی ریکخراوە کریکاری‌یەکان، وەزیری ولاتە جۆراوجۆرەکان، وە هەروەها نوینەرانی بانکی جیهانی پول، بە مەبەستی جواب دانەوە بە پرسیاری ئەم مندالانە، لە بواری هۆکارەکانی کاری مندالان بۆ ئەم کونگرەیە بانگهیشت کرابوون.

بروانە ل ٧

# فیلمسازێکی ئیسرائیلی خەڵاتی خۆی پێشکەش بە خەڵکی فەلەستین دەکات

فیلمسازێکی ئیسرائیلی جایزەی خۆی پێشکەش بە خەڵکی فەلەستین دەکات

یەدایا فیلمسازی ژنی ئیسرائیلی، دوای ئەوەی کە جایزەی "دوربینی تەلایی" لە جەشنوارەی فیلمی "کان" بۆ فیلمی "عوور" وەرگرت ئەوە جایزەیەی پیشکەش بە خەلکی فەلەستین و تەواوی ئەو ئینسانانە کرد کە لەژیر زنجیری کویلەتی‌دا بەسەر دەبەن.

بەپیی گوزارشی هەوالنیری فارس و بە وتەی پایگای ئینترنیتی ٥٧ەمین جەشنوارەی فیلمی کان، یەدایا، دوای ئەوەی کە شەوی شەممە جایزەی خۆی وەرگرت وتی کە، لە تەواوی ئیوە مەمنونم، من دەمهەوێ ئەو فیلمە لە قولایی دلمەوە بە تەواوی ئەو کەسانەی وا ئازاد نین و بە ئەوانەی وا کە لە کویلەتی‌دا بەسەر دەبەن پیشکەش کەم، وتنی وەها وشەگەلیك بۆ من دژوارە چونکە من لە ئیسرائیلەوە هاتووم و ئیمە بەرپرسی یەخسیری زیاتر لە ٣ میلیون فەلەستینین.

ناوبراو لە دریژەی قسەکانی‌دا وتی: داواتان لێ دەکەم یارمەتی خەلکی فەلەستین بدەن، لە ئیسرائیل کەسانیکی زۆر هەن کە دژ بەو داگیر کەرییە خەبات دەکەن.

فیلمی "عوور" لە دەرهینانی یەدایا، باس لە چیرۆکی ژیانی کچیکی لاو بەناوی "عوور" هاورێ لەگەل دایکی لە ئاپارتمانیکی بچوك لە تلاویو دەکات، کە دایکی ئەو کچە بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانیان، رو دەکاتە لەش فرۆشی، ئەو کچە هەرچەند هەول دەدات دایکی لەو ژیانە نەکبەتیە رزگار بکات، بەلام ئەویش هیچ کاریکی لەدەست نایە.

هەروەها ناوبراو لە رۆژی شەممە، لە وتوویژیك لەگەل رۆژنامەی فەرانسەوی "لۆمۆند"وتی کە، من تا ئیستا چەند جار لە هاوکاری لەگەل تەلەفزیونی دەولەتی ئیسرائیل خۆم پاراستووە، چونکە ئەوان سینەمایان لەناو جل و بەرگی نیزامی‌دا قەبولە.

یەدایا دەلی کە، من دەمهەوی سینەمایەکی تازە دروست بکەم کە تییدا سیاسەتەکانی ئیسرائیل سەبارەت بە داگیرکردنی زەوییەکانی فەلەستین بداتە ژیر رەخنە و مەحکومیان بکات.

شایانی باسە، مودیری پیوەندی‌یەکانی کوشکی سپی، فیلمی فارنهایتی بە فیلمیکی تەوهین ئامیز و بێناوەرۆك لە قەلەم دا کە ئەرزشی راویژکردنی لەسەر نیە.



# کرماشان:
## - ٧ هەزار کرێکار بە شێوەی قەراردادی کاتی، بۆ سەرمایەداران کار دەکەن
## - شارەداری کرماشان ١ میلیارد تمەن بە کرێکاران قەرزدارە

٧ هەزار کریکار لە ئوستانی کرماشان بە شیوەی قەراردادی کاتی لە شیرکەتە خزمەت گوزاری‌یەکان دا کار دەکەن. شیرکەتە پەیمانی‌یەکان بۆ بەرەندە بوون لە پیشبرکی‌دا و بە دەست هینانی قازانجیکی زیاتر کریکاری کەمتر دەبەنە سەر کار. لەم نیوەدا ئەوەی کە بە کریکاران دەبری کاری زیاتر و حەقدەستی کەمترە.

زۆربەی شیرکەتە پەیمانیەکان حەقدەستەکان لەکاتی خۆی‌دا پەرداخت ناکەن و ئەمە گیروگرفت بۆ کریکاران پیك دینێ. جیاواز لەمەش ئەم شیرکەتانە هەرکات بیانەویت دەست دەدەنە دەرکردنی کریکاران. کریکارانیش بەپیی یاسای کاری رژیم بێئەوەی هیچ ماف یان مەزایایەکیان پێبدریت لەسەر کار دەر دەکرین.

ریکخراوی تەئمینی کۆمەلایەتی و شارەداری کرماشان لە بەرانبەر ١ میلیارد تمەن قەرزی کریکاران وەلام دەرەوە نین، کریکارانی شارەداری کرماشان ١ میلیارد تمەن قەرزیان بەلای ئەو ئیدارەیەوە ماوەتەوە، ئەمە لە حالیکدایە کە ریکخراوی تەئمینی کۆمەلایەتی ئیدعا دەکات کە ئەو یەك میلیارد تمەنە بابەتی ١٠ سال بیمەی بیکاری کریکارانە و دەبی شارەداری بیدات بە ریکخراوی تەئمینی کۆمەلایەتی. بەم بۆنەوە ریکخراوی ناوبراو لە پەرداختی حەقی موستەمەری کریکاران خۆ دەپاریزیت و کریکاران لە بیلاتەکلیفی دان.

# دەست درێژیەکانی رژیم لەسەر سنوورەکانی کوردستان:
## - دوو زەحمەتکێش لە حاجی ئومەران دەکوژرێن
## - لە سیاناو خەڵك و هێزەکانی رژیم تێك هەڵدەچن
## - تەقینەوەی مین لە بانە

بروانە ل ٧




## پێشڕەو
ئورگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە

سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

ئیدیتور:
ئیبراهیم عەلیزادە

## کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
Add: Sulimania- Zerguez

Tel:
0044707- 7520- 781
0044707- 7567- 855

Fax: 00447043129273

E-mali:
Komalah@komalah.org

## دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
C.D.C.R.I
BOX 70445
107 25 Stockholm- Sweden
Tel/Fax: 46- 08- 86 80 54
e-mail: cpi@cpiran.org

ئینترنت:

سایتی کۆمەڵە
www.komalah.org

سایتی رادیو کۆمەڵە
www.Radiokomaleh.Com

سایتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
www.cpiran.org

## نوینەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستانی عیراق
Add: Sulimania- Rezgary

Tel: 3124760 - 3125815:

E-mail:
Komalah@hotmail.com

## نوینەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات
k.k.
p.o.Box 75026
Box: 750 26 uppsala - Sweden
Tel/Fax: 46- 18- 46 84 93
e-mail:
komala@cpiran.org


## دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران:
شەوانە : ٢١تا ٢٢ جومعە بەیانیان ٨ تا ٩

شە پولی کورت ٧٥، ٦٥ و ٤٩ میتر

## دەنگی شۆرشی ئیران (رادیۆ کۆمەڵە):
بەیانی: ٧ تا ٨ نیوەرۆ: ١٣ تا ١٤ ئیواران: ١٨/٣٠ تا ١٩/٣٠

شەوانە: ٢٢-٢٢/٣٠

شەپولی کورت رەدیفەکانی: ٧٥ میتر بەرابەر بە ٣٨٨٠ کیلۆهێرتز

٦٥ میتر بەرابەر بە ٤٣٨٠ کیلۆهێرتز ٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٤٢٠ کیلۆهێرتز